## بۆ دەربازکردنی ڕەوشی ئێستای کوردستان:

# پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان بەخۆماندا بچینەوە

هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و ئەو گەمارۆ سەربازی و ئابوورییەی کە خراوەتە سەر باشووری کوردستان تا ئێستا بەردەوامە، ئەو ڕەوشە پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی تەواو هەیە، ئەو هێرشەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان بۆ سەر کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە مەخموور و شنگاڵ و لەهەمانکاتدا لە خانەقین و دوزخورماتوو جارێکی دیکە ئەوەی بە ئێمە گوتەوە کە عێراق تائێستا لۆژیکی شەڕ دەسەپێنێتە سەر لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکترتێگەیشتن، ئەوە پەیامێکە بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و بۆ هەموو جیهانیش کە دەسەڵاتدارانی عێراق هیچ کاتێك ئامادە نین دان بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دابنێن، بۆیە پێویستە ئێمە سوود لە دیرۆك وەربگرین، بەدرێژایی ماوەی رابردوو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام لەکاتی لاوازی پەنایان بۆ کورد هێناوەو داوای دیالۆگیان کردووە، بەڵام کە خۆیان گرتۆتەوە، هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان، ئەم یاریی (مشك و پشیلە)یە بەدرێژایی مێژوو لەنێوان گەلی کوردستان و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دووبارە بۆتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەی ئێمە لە عێراق لەگەڵ کەسایەتییەکان نییە و کێشەمان لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەو عەقڵییەتی عێراقییەکانە بۆ چارەسەری پرسی گەلی کوردستان، لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا عێراقییەکان یەك جۆر بیرکردنەوەیان هەبووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی گەلی کوردستان و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین عەقڵییەتی عێراقی؛ عەقڵییەتێکی چەقبەستووە و قابیلی گۆڕان نییە.

ئەو شێوازی بیرکردنەوەو عەقڵییەتەی عێراق و ئەو دیرۆك و ئەزموونەی کەوا لەگەڵ عێراق هەمانبووەو هەمانە؛ دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەر چارەسەرییەك لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراق بۆ پرسی کورد، شتێکی کاتییە و هەموو کات مەترسی هەڵوەشانەوەی لەسەرە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان نەخشە ڕێگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و دوور لە دەمارگیری حزبی دابڕێژێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان بەشێوەیەکی ریشەیی، ئەمەش بەوە دەکرێت کەوا بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بخرێتە سەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکان، بە سوودوەرگرتن

**فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بێکاریگەری ماون، سەرۆک کۆماریش لە بەغدا بێکاریگەرییە؟ فڕۆکەخانەکانی کوردستان لەلایەن عێراقەوە داخراون، سەرۆکی کۆمار کە کوردە ناتوانێ فڕۆکەخانەکان بکاتەوە، سەرۆکی کۆمار ناتوانێ دژی یەک بڕیاری حکوومەتی عێراق بوەستێتەوە کە دژی کوردستان وەرگیراون، ئەی باشە بۆ لە بەغدا ماوەتەوە؟!**



## غەفوور مەخمووری

**سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

لە هەڵەکانی رابردوو لە شێوازی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەخۆداچوونەوەیەکی تەواو لەسەر هەموو ئاستەکان دەتوانین کارنامەیەکی گونجاو بۆ کارو خەباتی داهاتوومان دابڕێژین، ئەگەر ئەوە نەکەین زیاتر زیانمەند دەبین.

لەم رووەوە پێویستە لێکوڵینەوەیەکی ورد بکەین و بزانین سەرچاوەی کێشەو گرفتەکانی کوردستان چین و بۆ بەم رەوشەی ئێستا گەیشتووین؟ لەم پێناوەشدا پێویستە راشکاوانە پەنجە بخەینە سەر برینەکان و رەخنە بگرین و دەردەکانمان دەستنیشان بکەین و دەرمانیان بۆ بدۆزینەوە. بە باوەڕی من هۆکاری سەرەکیی کێشەو گرفتەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ناعەدالەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەبوونی سیستمێکی روونی بەڕێوەبردن و دارایی و دەستبەسەرداگرتنی هەموو کایەکانی ژیان لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکان و پەراوێزخستنی لایەنە سیاسییەکانی دیکە، ئەم واقیعە و ئەم شێوازە کارکردنە وایکرد ناوەندی سیاسی کوردستان پەرش و بڵاو بێت و بەم رەوشەی ئێستای گەیاندین.

بێگومان ئەو ناعەدالەتییەی لە کوردستاندا هەیە لە دنیادا وێنەی نییە، ناعەدالەتیی سیاسی، ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و ناعەدالەتی ئابووری لە کوردستان وایکردووە دەسەڵات و خەڵکی لێکدابڕیوە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان چاو بەو خاڵەدا بگێڕنەوە و عەدالەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و عەدالەتی ئابووری فەراهەم بکەن و بەیەك چاو سەیری هەموو خەڵکەکە بکەن. ناکرێ لەم وڵاتەدا هەرچی ئیمتیازات هەیە و هەرچی دامەزراندن و بواری کار هەیە، تەنها بۆ دوو حیزب بێت و هەموو کایەکانی ژیان لەلایەن ئەم دوو حزبەوە دەستی بەسەر دابگیرێت و، تەواوی هاووڵاتانی نائەندام لەو دوو حزبە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش پەراوێز بخرێن! بۆ نموونە گەورەترین ناعەدالەتی ئەوەیە لە کاتێکدا مووچەی فەرمانبەران کەم دەکرێتەوە، بە ملیۆنان دۆلاریش بۆ هەندێ حزب و دەزگای راگەیاندن سەرف دەکرێت، دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی کام حزبی بوێ بیهێنێتە پێشەوەو کام حزبی نەوێ لە هەموو شتێك دووری بخاتەوە، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ هاووڵاتیان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؛ کوردستانی بەم رۆژگارە گەیاند، بۆیە پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت و چارەسەر بکرێت، چارەسەرکردنی ئەم خاڵە دەبێتە فاکتەرێکی

**ئێستا هاوسۆزییەکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن هەیە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لێرەوە بتوانێت کار بکات بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، کە ئەوەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرزکردنەوەی مۆرالی نەتەوەیی و دەبێتە فاکتەری یەکدەنگییەکی نەتەوەیی کە پشتیوانی یەکدی بکەین**

**گەورەترین ناعەدالەتی ئەوەیە لە کاتێکدا مووچەی فەرمانبەران کەم دەکرێتەوە، بە ملیۆنان دۆلاریش بۆ هەندێ حزب و دەزگای راگەیاندن سەرف دەکرێت، دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی کام حزبی بوێ بیهێنێتە پێشەوەو کام حزبی نەوێ لە هەموو شتێک دووری بخاتەوە، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ هاووڵاتیان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؛ کوردستانی بەم رۆژگارە گەیاند**

**بە سوودوەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو لە شێوازی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەخۆداچوونەوەیەکی تەواو لەسەر هەموو ئاستەکان دەتوانین کارنامەیەکی گونجاو بۆ کارو خەباتی داهاتوومان دابڕێژین، ئەگەر ئەوە نەکەین زیاتر زیانمەند دەبین**

گرنگ بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشەی دیکە.

لە لایەکی دیکەوە؛ نەبوونی سیستمێکی روون بۆ بەڕێوەبردن و دارایی وایکردووە، کوردستان بەپێی میزاجی شەخسی بەڕێوەبرێت، ئەمەش کوردستانی نوقمی گەندەڵیی بەڕێوەبردن و دارایی کردووە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات هەوڵی سیستماتیککردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان بدرێت، بۆ ئەوەی کوردستان لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوچەرخ بەڕێوەببرێت.

وەك ئاماژەمان پێدا حزبە دەسەڵاتدارەکان هەموو کایەکانی ژیانیان دەستبەسەرداگرتووە، حیزب هەموو کارێکی ئەو وڵاتەی بەڕێوەبردووە، وایکردووە هیچ رۆڵێکی وای بۆ پەرلەمان و حکومەت نەهێشتۆتەوە، دیالۆگ لەگەڵ بەغدا حیزب کردوویەتی، کاری دیپلۆماسیی لەگەڵ وڵاتان حیزب کردوویەتی، بازرگانی حیزب کردوویەتی، ئیدارە حیزب کردوویەتی، پاراستنی ئاسایشی کوردستان حیزب کردوویەتی، شەڕ حزب کردوویەتی، حزب وایکردووە تەواوی کارەکانی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکان خۆی بیکات و کردوویەتی، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئێمە پێویستیمان بە سیستماتیکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستانە، بۆ ئەمەش پێویستە دەسەڵات بدرێتەوە دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان، حیزب لەدەرەوەی دەزگاو دامەزراوەکان حیزبایەتی خۆی بکات و حکومەتیش حکومەتایەتی خۆی بکات، ناکرێت تۆ دیالۆگ لەگەڵ بەغدا یا لایەنێکی دیکە بکەیت و چەند حزبێك بنێری و کەسانی شارەزاو ئەهلی کار پەراوێز بخەیت، ئەوەی لە کوردستان کراوەو دەکرێت، لەهیچ شوێنێك نموونەی نەبووەو نییە، بۆ نموونە کە لەگەڵ حکومەتی عێراق دیالۆگ دەکرێ، پێویستە بەرپرسانی حکومەتی کوردستان بچن، لە دنیای سیاسەتدا وەزیر بەرامبەر وەزیرە، سەرۆکی حکومەت بەرامبەر سەرۆکی حکومەتە، سەرۆکی وڵات بەرامبەر سەرۆکی وڵاتە، ناکرێ کۆمەڵێ حیزبی سیاسیی لە فڕۆکە بکەی و رەوانەی بەغدای بکەی لەوێ لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەگەڵ پەرلەمانی عێراق دابنیشێت، ئێمەیش پەرلەمان و حکومەتمان هەیە، لەناو حکومەت کادیری حیزبی دانراون، ئەوانە بنێرن با دیالۆگ بکەن، پێویستە ئەهلی کار کارەکە ئەنجامبدات، شێوازی تەندروست بۆ پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت ئەمەیە؛ حیزب تێکەڵ بە کاری حکومەت نەبێت و هاوکاریی بکات و پرۆژەی بداتێ و رێنوێنی بکات و پشتگیریی بکات و، هاوکار بێت بۆئەوەی ئەگەر لە ئیش و کارەکانی لەشوێنێکدا هەڵەیەك هەبوو ئاگاداری بکاتەوە، نەك دەست لە ئیش و کارەکانی وەربدات.

لە پێشەوە ئاماژەمان بە شێوازی کاری رابردوودا و رەخنەمان کرد، پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و چۆنیەتی کارکردنی داهاتوومان هەڵوەستەیەك بکەین و بزانین چی بکەین؟ بۆ ئەمەش پێویستە بزانین لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چی بکەین؟ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان و بۆ پاراستنی یەکریزیی لایەنە سیاسییەکان؛ پێویستە کەوا چەترێکی هاوبەش دروستبکرێت و، تەواوی لایەنە سیاسییەکان لەژێریدا کۆببنەوە، هەروەها پێویستە لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیی کوردستاندا لایەنە سیاسییەکان بەشدار بن و پرس و رایان پێ بکرێت و راشیان وەربگیرێت، (نەك پرسە خەسووانەیان پێبکرێت)، نەك را بدەن و گوێشیان لێ نەگیرێت، لەهەمانکاتدا پێویستە دەزگاو دامەزراوەکان کارا و سیستماتیك بکەین و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان سەرپشك بکەین بۆ هەر دیالۆگێك، ئینجا لەگەڵ بەغدا یان وڵاتانی ناوچەکە و دەرەوە بێت، هەروەها پێویستە لەرووی دبلۆماسییەوە بوار بە حکومەت بدرێت کاری خۆی بکات، لە رابردوودا و تا ئێستاش دبلۆماسییەتی ئێمە دبلۆماسییەتێکی حیزبی بووەو نەتەوەیی و نیشتمانی نەبووە و، زیاتر بۆ بەرژەوەندی حزبی بووە، بۆیە پێویستە ئێمە ئەو دەسەڵاتە بدەینەوە حکومەتی کوردستان، بۆئەوەی لەرێگەی دەزگا و دامەزراوەکانی خۆی کار لەسەر ئەو بوارە بکات و دەنگی خەڵکی کوردستان بە دەرەوە بگەیەنێت.

خاڵێکی دیکە کە لەهەمووی گرینگترە ئێستا هاوسۆزییەکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن هەیە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لێرەوە بتوانێت کار بکات بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، کە ئەوەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی مۆرالی نەتەوەیی و دەبێتە فاکتەری یەکدەنگییەکی نەتەوەیی کە پشتیوانی یەکدی بکەین.

لەسەر ئاستی عێراق؛ پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕیار بدات لە پرۆسەی

سیاسیی عێراق بکشێتەوە و خەریکی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان بێت، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە عێراق کۆمەڵێ بڕیاری سزائامێزی بەرامبەر کوردستان دەرکرد، نوێنەرانی کوردستان نەیانتوانی بەرامبەر بڕیارەکان بوەستنەوەو هەڵیانبوەشێننەوە، لە ئێستادا بوونی کورد لە بەغدا چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ڕۆژانە پەرلەمانی عێراق بە ئامادەبوون و بێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردستان کۆدەبێتەوەو بڕیار دەردەکات و دەیسەپێنێتە سەر کوردستان، ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق کۆدەبێتەوە بێ هەبوونی نوێنەری کوردستان لەو ئەنجومەندا بڕیار دەردەکات و دەیسەپێنێتە سەر کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە بڕیار دەردەکات و دەیسەپێنێتە سەر کوردستان، دادگای ئیتحادی لە دژی کوردستان بڕیار دەردەکات، باشە بوونی کورد لەو بەغدایە بۆ چییە؟ لەوێ بێت و لەوێ نەبێت چ کاریگەرییەکی هەیە؟ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بێکاریگەری ماون، سەرۆك کۆماریش لە بەغدا بێکاریگەرییە؟ فڕۆکەخانەکانی کوردستان لەلایەن عێراقەوە داخراون، سەرۆکی کۆمار کە کوردە ناتوانێ فڕۆکەخانەکان بکاتەوە، سەرۆکی کۆمار ناتوانێ دژی یەك بڕیاری حکوومەتی عێراق بوەستێتەوە کە دژی کوردستان دەرچوونە، ئەی باشە بۆ لە بەغدا ماوەتەوە؟! ئەو واقیعە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین لەداهاتووشدا کورد ئەو کاریگەرییەی نابێ لە بەغدا بۆیە کشانەوەی باشترە لە مانەوەی.

لەسەر ئاستی ناوچەیی؛ پێویستە ئێمەش کارتی خۆمان هەبێت کەوا کار لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە بکات، ئەمەش بە پشتیوانیمان دەبێت بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێویستە ئەوەش بزانین، ئەو گەلەکۆمەکییەی عێراق و ئێران و تورکیا کە ئێستا لەسەر ئێمەیە تەنها دژی باشووری کوردستان نییە، بەڵکو بۆ لێدانی تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن هەوڵبدات هێزی پاراستنی نەتەوەیی لە پێشمەرگە و گەریلا و شەڕڤانانی یەپەکەو یەپەژە پێکبهێنێت، لەبەرئەوەی ئامانجی سوپای عێراق لە گەیشتن بە خاڵە سنوورییەکان لێکدابڕینی باشووری کوردستانە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان! بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەگەر عێراق گەیشتە دەروازەی (فیشخابوور) ئەوا باشووری کوردستان لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان لێکدادەبڕێت و هێڵی هاوکاری ڕۆژئاوا لەگەڵ باشوور ناهێڵێت، لەهەمان کاتدا ئەگەر گەیشتە دەروازەی (ئیبراهیم خەلیل) باکوور لە باشوور دادەبڕێت، بەهەمان شێوە گەیشتنی عێراق بە دەروازەی (حاجی ئۆمەران) باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکدادەبڕێت، ئەم پیلانەی عێراق وا دەکات باشووری کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە ئابلووقە بدات و، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دایببڕێت.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ پێویستە بزاڤێکی خورتی دیپلۆماسی بکەین و، کەسانی شارەزاو کاریگەر بخەینە ستافە دیپلۆماسییەکان و نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لەلایەکی دیکەوە ئێمە ریفراندۆممان ئەنجامداوە، ریفراندۆم ئەنجامی بەدەستهێناوە، بە ڕێژەی ٩٢,٧٣٪ خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، بۆیە پێویستە ئێمە (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) دابمەزرێنین. بۆئەوەی ئەم بۆردە بۆ چۆنییەتی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان کار بکات، پێویستە ئەندامانی ئەو بۆردەش لە کۆمەڵێ کەسایەتیی کورد و کەسایەتیی کاریگەری نێودەوڵەتی پێکبهێنرێت، کەوا شارەزای یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بن، بۆئەوەی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکەی جیهان ئێمەش بە سەربەخۆیی کوردستان بگەین.

لە کۆتاییدا؛ ئایا دەتوانین ئەم کارانە بکەین و ئەم قۆناخە سەختە دەربازبکەین؟ بێگومان بەڵێ؛ بەڵام بەمەرجێك بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی بخەینە سەرووی بەرژەوەندییە حزبی و کەسییەکان و، جلی تەنگی حزبایەتی فڕێبدەین و جلی کوردایەتی بپۆشین، ئەگەر ئەوەمان کرد داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانمانە، ئەگەر ئەوەشمان نەکرد، ئەوا داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانمانە! بۆیە پێویستە بە ئاراستەی یەکڕیزی و یەکدەنگی هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەش بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر بکەین و بگەین بە کەنارێکی ئارام و خەونی نەتەوەییمان کەوا سەربەخۆیی کوردستانە، بێگومان یەکڕیزی و یەکدەنگیمان زامنی وەدیهێنانی ئەم خەونەمانە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمانە کار بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی بکەین.

**لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا عێراقییەکان یەک جۆر بیرکردنەوەیان هەبووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی گەلی کوردستان و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین عەقڵییەتی عێراقی؛ عەقڵییەتێکی چەقبەستووە و قابیلی گۆڕان نییە**

**ئەو هێرشەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان بۆ سەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە مەخموور و شنگاڵ و لەهەمانکاتدا لە خانەقین و دوزخورماتوو جارێکی دیکە ئەوەی بە ئێمە گوتەوە کە عێراق تائێستا لۆژیکی شەڕ دەسەپێنێتە سەر لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکترتێگەیشتن، ئەوە پەیامێکە بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و بۆ هەموو جیهانیش کە دەسەڵاتدارانی عێراق هیچ کاتێک ئامادە نین دان بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دابنێن**



### وەرچەرخان لە سیاسەتی پۆپۆلیستی حزبە سیاسییەکانەوە

# بۆ بناخەدانانی سیاسەتێکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو



ئەگەر سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی وەك هونەری مومکینات پێناسە کرابێت و، مەبەستیش لەم هونەرە بەرزکردنەوەی تواناو ئیرادەی مرۆڤەکان بێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و لێبووردەیی لەنێوان گرووپ و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات، ئەوا شێوازی بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە بازنەیەکدا ئەو ئەنجامە بەدیدەهێنێت کە ئەویش بازنەی ئەخلاقە، یان وەك ئەمانوئیل کانت لەدوای تەوابوونی لە رەخنەکانی (ئەقڵی پەتی و ئەقڵی پراکتیکی و خواستی بڕیاردان)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، سیاسەتکردن یان وڵات بەڕێوەبردن پێویستی بە دامەزراندنی ژێرخانێکی میتافیزیکی ئەخلاقی هەیە، ئەمەش بەو مانایەیە کە سیاسەت بگۆڕێت بۆ ئیرادەی خێر و توانای ئەوەی هەبێت کۆمەڵگە ڕێکبخات و کێشەکان چارەسەر بکات و ئاشتی بەرهەم بهێنێت و لێبووردەیی و پێکەوەژیان بێنێتە ئاراوە.

لەم چوارچێوەیەدا سیاسەت، لەبوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا، بەچەندین شێواز لەسەر بنەمای ئەو بوارەی ئەم هونەری تێدا دەخرێتەگەڕ پۆلێن کراوە، هەر بۆ نموونە وەك: (سیاسەتی گشتی، سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی ئاسایش، سیاسەتی حوکمڕانی، سیاسەتی دیپلۆماتی و.. هتد)، لە هەریەك لەم بوارانەشدا ئەگەر شێوازی هەڵسووڕاندنی سیاسەت لەسەر بنەمای ئاکار و پڕۆفیشناڵی ئەو بوارە بەڕێوەبچێت، ئەوا لە هەریەك لەو بوارانە هونەری سیاسەت دەبێتە ئەو هێزە میتافیزیکییەی کە دەتوانێت ئەو بوارە ڕێکبخات و کێشەکانی کۆمەڵگە و سەقامگیری و بازاڕ و پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان ڕێکبخات.

هونەری سیاسەت و پیادەکردنی سیاسەت، پێش دروستبوونی حزبی سیاسی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا بوونی هەبووەو وشەی سیاسەت (Politics) لە بنەڕەتدا لە وشەی پۆلتیکۆس (Politkos)ی یۆنانی کۆن وەرگیراوەو ئاماژەیە بۆ وشەی پۆلس (Polis) کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەوڵەتی مەدەنی، یان دەوڵەت شاری سەردەمی یۆنانی، راشکاوانەتر سیاسەت لە بنەڕەتدا بۆ بەڕێوەبردنی هەموو بوارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بەکار هاتووە، هەر بۆیە دەرکەوتنی حزبی سیاسیش بە ئامانجی پاراستن و بەرەو پێشەوەبردنی دەوڵەتی مەدەنی، لە هەناوی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لەدایکبووە.

بەڵام چۆن لەبواری زانستیدا داهێنراوە زانستییەکانی بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤ لەکایەی خێری گشتیی مرۆڤایەتی دەردەهێنرێن و بەشێوازی دیکە بۆ دژی بەرژەوەندی و خێری مرۆڤایەتی بەکار دەهێنرێنەوە، سیاسەتیش بە درێژایی مێژوو بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی گەورە، یان حزبێکی سیاسی، یان سەپاندنی ئایدیۆلۆژیەتێکی دیارکراو، لە هەموو کایەکانی خێری گشتی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەرهاتووە و لەبری ئەوەی بە هونەری سیاسەت کێشەکانی چارەسەر بکرێن و دەوڵەت و کۆمەڵگەی پێ ڕێك بخرێتەوە، دەبینین سیاسەت خۆی بۆتە سەرچاوەی هەموو کێشەکان و تێکدانی رەوتی ژیانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. ئەوجا حزبی سیاسیش، کە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی پارێزەر و پاراستنی دەوڵەتی مەدەنی و کۆمەڵگە دامەزراوە، ئەوا هەر چۆن سیاسەت لە کایە راستەقینەکەی خۆی کە بازنەی خێری گشتییە دەردەهێنرێت و بە شێوازێکی دیکە بۆ شەڕی گشتیی کۆمەڵگە دەخرێتەوەگەڕ، بەهەمان شێوە حزبی سیاسیش بەمەبەستی تێکدان، یان سەپاندنی ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، بەپشتگیری هێزی دەرەکی لەو کۆمەڵگەیانە دروست دەکرێن کە هێزە گەورەکان مەبەستیانە ئیرادەی گەل و نەتەوەکانیان دەستەمۆ بکەن و داگیریان بکەن.

نموونەی حزبی سیاسی لە دەرەوەی کایەی پاراستنی دەوڵەتی مەدەنی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە زۆر زۆرن، هەر بۆ نموونە: لە سەرهەڵدانی مارکسیزمەوە وەك ئایدیۆلۆژیەتێك بۆ بونیادنانی سیستمی سۆشیالیستی، لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، گرووپ و حزبی شیوعی و سۆشیالیستی دامەزرێنراون، ئەمە نەك لە پێناوی ئەوەی بە ئایدیۆلۆژیەتی مارکسیزم پارێزگاری لە دەوڵەتی مەدەنیی ئەو نەتەوانە بکرێت، بەڵکو بۆ تێکدانی دەوڵەتی مەدەنی نەتەوەیی و بونیادنانی سیستمی سۆشیالیستی بووە بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریی نێونەتەوەییدا بتوێتەوە،

**لەماوەی ١٩٩٢- ٢٠٠٥، شەڕی دەسەڵات ژینگەیەکی ئەوتۆی دروست کرد کە ئەسڵەن هەڵبژاردن نەکرێت، بۆیە سیاسەتی حوکمڕانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانیش دووچاری ئاستەنگی گەورە بووە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥یشەوە، کە پارتی و یەکێتی لەمیانەی ڕێککەوتنی ستراتیژی توانییان پرسی دەسەڵات یەکلایی بکەنەوە، ئەوا لەماوەی ٢٠٠٥-٢٠٠٩، کوردستان نەک هەر توانی هەنگاوی زۆر گەورە لەبواری پەرەپێدان و گەشانەوەی ئابووری هەڵبگرێت، بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێک باسی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، پێیاندەگوت: «عێراقەکەی دیکە «The Other Iraq –**

بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیستەم دوای ئەوەی حزبە سۆشیالیست و شیوعییەکانی ئەورووپا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی نابێت خۆیان ببنە هۆکاری تێکدان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانیان، هاتن ژێرخانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریان گۆڕی بۆ دیموکراتی، ئەمەش واتە هەوڵدان بۆ سۆشیالیزم لەچوارچێوەی دەوڵەتە مەدەنی و پەرلەمانی و نەتەوەییەکانی خۆیان و بەناوی (سۆشیال دیموکرات) خۆیان لە حزبە مارکسییەکانی دیکە جیاکردەوە، بەڵام لینین نەچووە ناو گرووپی (سۆسیال ئەنتەرناسیونالٌ) و حزبی بەلشەفی ئامادەکرد بۆ بونیادنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش لە ساڵی ١٩١٧، یەکێتی سۆڤیەتی پێشانی دامەزراند و لێرەشەوە حزبی بەلەشەفی یەکێتی سۆڤیەت بووە سپۆنسەری هەناردەکردنی لقەکانی بۆ تەواوی وڵاتانی جیهان هەر لە ژاپۆنەوە تا دەگاتە بەرازیل و هەر لە باشووری ئەفریقیاوە تا دەگاتە دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەگەر سەیری حزبی شیوعی عێراقی بکەین کە لە سییەکانی سەدەی رابردوو دامەزرا، هەتا یەکێتی سۆڤیەت لەبەر یەك هەڵنەوەشاوە، نەیانتوانی حزبی شیوعی کوردستان دابمەزرێنن.

ئەم حاڵەتی هەناردەکردنی حزبی سیاسی لەلایەن ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراوەوە بۆ ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیش راستە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو کە بە فەرمی خەلافەتی ئیسلامی لە تورکیا هەڵوەشێندرایەوە، دەبینین ئایدیۆلۆژیەتێکی ئیسلامی سیاسی بەناوی (ئیخوان موسلیمن) دەردەکەوێت و ئامانجی خۆی لە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی دیاری دەکات، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، لقەکانی خۆی هاوردەی هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات، بە کوردستانیشەوە، کە پاشتر ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی دیکەش وەك سەلەفی و وەهابی بە هەمان ئامانجی گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی سەریهەڵداوە و بەهەمان شێوە لقەکانی هەناردەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کراون، هەر بۆیە ئەم حزبە هاوردەکراوانە کە لەکایەی سیاسەتی گشتیی کۆمەڵگە دەکەونە پیادەکردنی سیاسەت، ئامانجیان ئەوە نییە ببنە پارێزەری هەیکەلەی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مەدەنی ئەو نەتەوەیە، بەڵکو وەك حزبە شیوعییەکانی سەردەمی سۆڤیەتی پێشوو، کە ئامانجیان ئەوە بوو دەوڵەتی مەدەنی نەتەوەیی بڕووخێنن و دەوڵەتێکی سۆشیالیستی وەك بەشێك لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای جیهانی دابمەزرێنن، بەهەمان شێوە هەموو حزبە ئیسلامییە هاوردەکراوەکانی ئایدیۆلۆژیەتی ئیخوان، یان سەلەفی، یان وەهابی، ئامانجیان ئەوەیە دەوڵەتی مەدەنی و نەتەوەیی نەتەوەکانی خۆیان بڕووخێنن، دەوڵەتێکی ئیسلامی وەك بەشێك لە خەلافەتی ئیسلامی بونیاد بنێننەوە.

دیارە کۆمەڵگەی رۆژئاوای دیموکراتی، یان بلۆکی سەرمایەداری بۆ دانانی سنوورێك بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری حزبە شیوعییە پاشکۆکانی حزبی بەلشەفی سۆڤیەت، ئەوانیش کەوتنە هەناردەکردن و پشتگیریکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی چەمکی حزبی سیاسی (کە ئەوان مەبەستیان حزبە شیوعی و سۆشیالیستەکان بوو) بێ مانا بکەن، لەمەشدا لەچەندین وڵاتی بلۆکی سۆشیالیستی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و توانییان شەقام دژی دەوڵەتە شیوعی و کۆمۆنیستەکان بجووڵێنن، هەروەها لەدەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیش، رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیستی، پشتگیری حزبە ئیسلامییەکانی کرد بە ئیخوان و تەنانەت سەلفی و وەهابییەکانیشەوە.

ئەم یاریکردنە بە چەمکی حزبی سیاسی بۆ مەرام و ئامانجی ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، جیا لەوەی حزبی سیاسی لە هەموو جیهاندا دوچاری تەنگژەیەکی گەورە کرد، لە هەمانکاتدا چەمك و مانای سیاسەتیشی لە هونەری مومکیناتەوە گۆڕی بۆ هونەری درۆکردن و خەڵك فریودان و هەڵخەڵەتاندن، ئەم دیاردەیە زیاتر دوای رووخانی دیواری بەرلین و بانگەشە و پشتگیری رۆژئاوا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە بێ بوونی ژێرخانێکی لیبراڵی، بووە هۆکاری ئەوەی حزبی سیاسی دەرهاویشتەیەکی خراپتر لەناو ژینگەی کۆمەڵگەی دیموکراتی و شۆڕشی تەکنەلۆژیادا بەرهەم بهێنێت کە ئەویش

**هەر لەگەڵ یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و پاشان دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، حزبە سیاسییەکان نەیانهێشتووە، بناخەیەکی پتەو بۆ سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا دروست ببێت، هەروەها سیاسەتی تەسکی حزبایەتی بواری ئەوەی نەداوە، حزبێکی سیاسی دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، سیاسەتی حوکمڕانی خۆی پیادە بکات، ئەوجا ئەگەر سەرکەوتوو بێت ئەوە هەر بە بناخەیەک بۆ سیاسەتی حوکمڕانی هەژمار دەکرێت، ئەگەر سەرکەوتووش نەبوایە، ئەوا لە میانەی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و لە میانەی پیادەکردنی سیاسەتێکی حوکمڕانی، ئەزموونێکی باش بۆ ژێرخانی حوکمڕانی لە کوردستاندا دروست دەبوو**

**ئاک پارتی سیستمی حزبایەتی لە تورکیا گۆڕی و توانی سیاسەتێکی ئەوتۆی حوکمڕانی دابڕێژێت کە حزبەکانی دیکە نەتوانن ئاستەنگی بۆ دروست بکەن. بەڵام ئێستا کە ئاک پارتی کە هەمان حزبە لەتورکیا و شێوازی سیاسەتکردنی خۆی گۆڕیوە و تەنیا ئامانجی بۆتە بردنەوەی سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەوا خۆدی ئاک پارتی بۆتە حزبێکی پۆپۆلیستی و خۆی بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو دەستکەوتەکانی رابردووی لەدەست بدات**

**کاتێک لەساڵی ٢٠٠٢ ئاک پارتی هاتە دەسەڵات و سیستمی حزبایەتی ئەو وڵاتەی گۆڕی، ئەوا تورکیا نەک هەر توانی سیاسەتێکی سەرکەوتووی حوکمڕانی دابڕێژێت، بەڵکو ئابووریی تورکیا بە ئاستێک بووژایەوە گەیشتە ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی گرووپی ٢٠، واتە یەکێک لە ٢٠ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکەی جیهان**

دەرکەوتنی دیاردەی حزبی پۆپۆلیستی بوو، ئەم دیاردەیە سنووری هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی بڕیوە بە حزبی سیاسی لە سەرانسەری جیهانەوە کە هەڵگری (ئایدیۆلۆژیەتی چەپ بێت، یان راست، نەتەوەیی بێت، یان لایەنگری جیهانگیری بێت، حزبی ئیسلامی سیاسی شیعە بێت، یان سوننە، تەنانەت هەتا رێکخراوە تیرۆریستییەکانی قاعیدە و داعش، یان کریستیان بێت یان هەر ئایینێکی دیکە..) بەشێوەیەکی گشتی پۆپۆلیستییانە سیاسەت دەکەن، کە ئەمەش دەقاودەق چەمك و مانای سیاسەتکردن لە مانای رێکخستن و پاراستنی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەگۆڕێت بۆ مانای گەیشتن بە دەسەڵات بە هەر شێوازێك بێت، ئەوجا ئەگەر ئەو شێوازە وەرگرتنەوەی متمانە بێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، یاخود تێکدانی تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بێت.

ئەم پەتایە لە هەموو وڵاتانی جیهان بە دەوڵەتانی رۆژئاواشەوە بوونی هەیە و بۆتە ڤایرۆسێکی ترسناك بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیاسەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت، لەوانەیە تا رادەیەك نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان بتوانن بە میکانیزمێك مەترسیی حزبی پۆپۆلیستی سنووردار بکەن، هەر وەك ئەمانوئیل ماکرۆن لە فەرەنسا و ئەنگێلا میرکل لە ئەڵمانیا، سنوورداریان کردن، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەك گەلی کوردستان کە لە هەموو ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکانی حزبی پۆلیستی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بوونی هەیە، کاریگەرییەکەی زیاترە و بۆتە هۆکاری ئەوەی سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا نەك هەر کار نەکات، بەڵکو سیاسەتی دژە حوکمڕانی بۆتە دیاردەی سیاسەتکردن لە کوردستاندا، ئەگەر نەتوانرێت وەرچەرخانێك دروست بکرێت کە سیاسەتی دژە حوکمڕانی بگۆڕێت بۆ سیاسەتی پشتگیری لە حوکمڕانی، ئەوا نە کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر دەکرێن و نە دەشتوانین رێگە لەو پۆپۆلیستانە بگرین کە گرەو و قومار لەسەر ئێستا و ئایندەی کوردستان دەکەن.

## ● حزب و دیاردەی پۆپۆلیستی تەنیا بە هێزی یاسا و دامەزراوەی بەهێز سنووری بۆ دادەنرێت

حزبی پۆپۆلیستی (ئەوجا هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت) کاتێك دێتە ناو کایەی سیاسی و پیادەی دەکات، هونەری مومکینات بۆ بەهێزکردنی توانا و ئیرادەی لێهاتووی تاکەکان بۆ خێری گشتی دەگۆڕێت بۆ هێزێکی شەڕانگێز کە مەرام و ئامانجەکەی خۆی پێ بەدیبهێنێت، ئەوجا بۆ ئەوەی هێزی شەڕانگێزی پۆپۆلیستی بەسەر ئیرادەی خێری کۆمەڵگەدا زاڵ بێت، ئەوا حزبی پۆپۆلیستی کۆکتێلێکی سیاسی لە وشە و چەمکە جیاوازەکانی ناو ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکان دروست دەکات و لە ژێر دروشمی (یەکسانی، دادپەروەری، حەرام و حەڵاڵ و ئەرك و ئەخلاقی ئایینیی و مرۆڤایەتی) مانۆڕێکی سیاسی بە تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات و سەرانی حزبە پۆپۆلیستییەکان لە دوورەوە و بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە میانەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەلایەتییەکانەوە، تەفسیر و تەنزیر بۆ ئەو کۆکتێلە سیاسییە دەکەن کە بۆ مەبەستی خۆیان دروستیان کردووە. لای ئەو حزبە پۆپۆلیستانە ئەوەش مەبەستیان نییە کە کێ گوێیان لێدەگرێت و کێ موناقەشەیان دەکات، بەڵکو ئامانجی سەرەکیی ئەوان ئەوەیە کەس گوێ لەکەس نەگرێت و کەس بوار بەوی دیکە نەدات موناقەشە بکرێت و بیروبۆچوون بگۆڕێتەوە و رێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزرێتەوە، بەڵکو ئامانجی سەرەکیی پۆپۆلیستەکان ئەوەیە دەرگا بە رووی چارەسەری کێشەکاندا دابخرێت و کێشەکان هەر بە چارەسەرنەکراوی بمێننەوە، هەتا بۆیە و تۆنی مۆنۆلۆگی درۆ و چەواشەکارییان درێژەی هەبێت.

یۆرگن هابرماس فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی و تەواوی مرۆڤایەتی، بۆ راستکردنەوەی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی حزبە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی دیموکراتی و، بۆ ئەوەی حزبی سیاسی لەژێر پەردەی دیموکراتیدا یاری بە بەهاکانی دیموکراتی نەکات، تیۆری فەزای گشتی داناوە بۆ ئەوەی دیموکراتی لیبرالی ببێتە دیموکراتیەتێکی راوێژکاریکاری، گرنگترین خاڵ و کۆڵەگەی ناو ئەم تیۆرەی هابرماس بۆ کاریگەریی فەزای گشتی، بوونی (زمانێکی هاوبەشی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەیە) بۆ ئەوەی خەڵك لە روانگەی قسەکردن بە زمانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، رێگە و چارەسەری

گونجاو بۆ کێشەکانی خۆیان بدۆزنەوە، لە چوارچێوەی ئەم راوێژکردنەی خەڵك لە ناو فەزای گشتیدا، رایەڵەیەك لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەت و خەڵك دروست دەبێت و بڕیارەکانی حکومەت وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاری گشتی دەبێت، ئەوجا بۆ ئەوەی گوتاری ناو فەزای گشتی، هاوکار و یارمەتیدەر بێ بۆ راستکردنەوەی دیموکراتی و هاوئاهەنگیی بڕیارەکانی حکومەت لەگەڵ رای گشتی، مەرجێکی بنەڕەتی بۆ گوتاری فەزای گشتی داناوە بەوەی دەبێت (گوتارێکی نموونەیی) بێت، مەبەستیشی لە گوتاری نموونەیی ئەوەیە کە ئەو گوتارە توانای ئەوەی هەبێت (وشە بگۆڕێت بۆ کردار)، بەڵام ئەم گوتارە کاتێك ئەو توانایەی دەبێت کە رەچاوی چەند بنەمایەکی ئەخلاقی بکات، کە گرنگترینیان ئەوەیە دەبێت گوتاربێژ بزانێت بۆ کێ قسە دەکات و کێ گوێی لێدەگرێت، چۆن ئەویش گوێ لە بۆچوونە جیاوازەکانی خەڵکەکانی ناو فەزای گشتی دەگرێت.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوەیەی هابرماس بۆ فەزای گشتی دایناوە، هەڵسەنگاندێك بۆ شێوازی سیاسەتکردن و گوتاری حزبە سیاسییەکانی کوردستان بکەین، ئەوا وەك ئێستا بە کردەیی لە کوردستان دەبینین، ئامانجی حزبە سیاسییەکان ئەوەیە ئەو فەزا گشتییە بکەنە هۆکارێك بۆ سیاسەتی دژە حوکمڕانی و سەرلێ تێکدانی حکومەت بۆ ئەوەی نەتوانێت بڕیار بدات، یان نەتوانێت بە هەماهەنگی و هاوکاری خەڵك بڕیارێك بدات کە بڕیارەکەی وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکی ناو فەزای گشتی بێت. ئەوجا ئەگەر لێرەوە قووڵتر و وردتر لەسەر ئەو چوارچێوەیە هەڵوەستە بکەین کە هابرماس بۆ فەزای گشتی دایناوە و ئەو پرسیارە بورووژێنین، ئەگەر بنەما ئەخلاقییەکانی گوتاری فەزای گشتی لەلایەن حزبە پۆپۆلیستییەکانەوە پێشێل کران، یان نەهێڵدران، ئایا ئاراستەی سیاسەتی حوکمڕانی و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بەرەو کوێ دەچێت؟ بێگومان پێش هەموو شت زمانی هاوبەشی بەرژەوەندی گشتی خەڵك بوونی نامێنێت، کەس لەکەس تێناگات و کەس گوێ بۆ ئەوی دیکە ناگرێت، بەمەش گوتاری نموونەیی ناو فەزای گشتی دەبێتە چەنەبازی و بێجگە لە ئاژاوە شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێت، لەمەش خراپتر، لەبەر ئەوەی لەکاتی تێکدانی فەزای گشتی بۆ فەزای تێکدان و گوێ لەیەك نەگرتن، ئەوا قسە و وتی وتی جێگەی زانیاری پێویست بۆ هاووڵاتیان دەگرێتەوە، کاتێکیش هاووڵاتی لەسەرچاوەکانی زانیاری بێبەش بوو، ئەوا ناتوانێت بەشداری پرۆسەی سیاسی لە وڵاتدا بکات، لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی هاووڵاتی لەناو فەزای تێکدان و ئاژاوە بمێنێتەوە، حزبە پۆپۆلیستییەکان دەبنە سەرچاوەی قسە و قسەلۆك لەبری زانیاریدان بە هاووڵاتی و بە رێگەی هۆیەکانی راگەیاندن ئەم قسە و قسەلۆکانە دەکرێتە شمەك و بە هاووڵاتی دەفرۆشرێنەوە، ئەمەش مەترسییەکی هێجگار گەورەیە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە و حوکمڕانی هیچ مانایەکی بۆ نەمێنێتەوە، بەمەش ئامانجی سەرەکیی حزبە پۆپۆلیسستەکان دێتەدی.

هابرماس بۆ سنووردانان بۆ ئەم حاڵەتە، باس لەوە دەکات، ئەگەرساڵێك زستانەکەی سەخت بێت و خەڵك وەك پێویست نەتوانن وزە بۆ خۆگەرمکردنەوە دابین بکەن، ئەوا حکومەت ناچار دەبێت بێتە ناو کێشەکە و هاوکاری هاووڵاتیان بکات بۆ ئەوەی وزەی پێویست بۆ خۆگەرمکردنەوەیان هەبێت، بەڵام لای هابرماس سەیرە کاتێك حزبە سیاسییەکان دەبنە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی زانیاری پێویستیان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی نەبێت، بەڵام حکومەت و دەسەڵات بێدەنگ بن و تەماشاچی بن، ئەمە لەکاتێکدا چەند دابینکردنی وزە بۆ سەرمای زستان بۆ هاووڵاتی گرنگە، دە هێندە دابینکردنی زانیاری بۆ بەشداریکردنی هاووڵاتی لە پرۆسەی سیاسی گرنگە، بۆیە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا کە ژینگەیەك دروست دەبێت کە ئامانجی حزبە پۆپۆلیستییەکان ئەوەیە کە سیاسەتی حوکمڕانی پەك بخرێت و هاووڵاتی بەشداری پرۆسەی سیاسی نەکات، ئەوا هەر حکومەتێك رووبەڕووی پەتای لەمجۆرە بووە، دەبێت وەك حکومەتی ئەڵمانیا بە زەبری هێزی یاسا، ئەو جۆرە حزبانە لە پرۆسەی سیاسی رابگرێت و رێگە نەدات درێژە بە تێکدانی فەزای

**فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (هەڵوەشانەوەی سیاسی) دەپرسێت: ئایا بۆ ناپرسن، بۆچی سۆماڵ هەژارە و دانیمارک دەوڵەمەندە؟ بۆ ناپرسن، ئایا سەرچاوەی داهاتی سۆماڵ زیاترە، یان سەرچاوەی داهاتی دانیمارک؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر خۆی دەڵێت: سەرچاوەی داهاتی سۆماڵ زۆر لەسەرچاوەی داهاتی دانیمارک زیاترە، بەڵام ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەوەی دانیمارک دەوڵەمەند بێت و سۆماڵ هەژار بێت، ئەوەیە کە دامەزراوەکانی حکومەتی دانیمارک زۆر باش هەڵدەسووڕێن، لە سۆماڵ دامەزراوەکان پەکیان کەوتووە**

**ئەگەر دامەزراوەکان بە رێکوپێکی هەڵنەسووڕان، ئەوا سیاسەت دووچاری هەڵوەشانەوە دەبێت، یان ئەو سیاسەتی حوکمڕانییەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی پێ بەڕێوە دەچێت، کار ناکات، بەمەش حوکمڕانی دەبێتە حوکمڕانییەکی خراپ و سەرچاوەی داهات چەند زۆریش بێت، خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دروست نابێت**

**ئەوەی ئەو حزبە پۆپۆلیستانە مەبەستیانە یاریکردنە بە شکۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەکارهێنانی خەڵک و فریودانیانە بۆ ئەوەی بە کۆکتێلە سیاسییەکان مانۆڕی جۆراوجۆریان بۆ بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا بۆ حکومەتی کوردستان، یان هەر حکومەتێکی دیکە، تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی حکومەت بەهێز بکات و بە زەبری یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو حزبە سیاسییە پۆپۆلیستیانە بکات، ئەگەر دەستبەرداری ئەم ڕێگە چارەیە بوو، ئەوا جیا لەوەی ناتوانێت حوکمڕانی بکات، لە هەمانکاتدا ئایندەی وڵاتەکەشی دەکەوێتە مەترسییەوە**

**ئەو حزبە پۆپۆلیستانە ئەوەش مەبەستیان نییە کە کێ گوێیان لێدەگرێت و کێ موناقەشەیان دەکات، بەڵکو ئامانجی سەرەکیی ئەوان ئەوەیە کەس گوێ لەکەس نەگرێت و کەس بوار بەوی دیکە نەدات موناقەشە بکرێت و بیروبۆچوون بگۆڕێتەوە و ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزرێتەوە، بەڵکو ئامانجی سەرەکیی پۆپۆلیستەکان ئەوەیە دەرگا بە ڕووی چارەسەری کێشەکاندا دابخرێت و کێشەکان هەر بە چارەسەرنەکراوی بمێننەوە، هەتا بۆیە و تۆنی مۆنۆلگی درۆ و چەواشەکارییان درێژەی هەبێت**

گشتی و پەکخستنی سیاسەتی حوکمڕانی بدەن.

لایەنێکی دیکە کە حزب و بزووتنەوە و گرووپی پۆپۆلیستی ئامانجیەتی لە سیستمی دیموکراتی بەدەستی بهێنێت، تێکدانی هاوسەنگیی سیستمە دیموکراتییەکەیە، بێگومان هاوسەنگیی سیستمی دیموکراتی بەندە بە دامەزراوەکانی حکومەت و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا، ئەوجا پۆپۆلیستەکان بۆ ئەوەی ئەم هاوسەنگییە بشێوێنن، کاری سەرەکییان ئەوەیە شکۆ و بەهای دامەزراوەکان بشکێنن، یان سووکی بکەن، هەر بۆ نموونە، گرنگترین دامەزراوەی شەرعی هەر دەوڵەتێک، پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەیەتی، بەڵام حزبە پۆپۆلیستییەکانی کوردستان، بەتایبەتی (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و بەشێك لە پەرلەمانتارەکانی یەکگرتووی ئیسلامی) لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی نێوان حزبە سیاسییەکان پەرلەمانیان پەکخست، وایان کرد لەدوای ١٩ی ئابی ٢٠١٥ پەرلەمان نەتوانێت کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بکات و بڕیار و یاسا دەربکات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیە بە هەڵەیەکی دیکە چارەسەر بکەن، هەر حزبە پۆپۆلیستییەکان لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ کۆتاییان بە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان هێناو زەمینەیان بۆ هەڵکووتانە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کرد، لەمەش زیاتر بەنیاز بوون ئەم کارە ئاژاوەگێڕییە بە ڕێگەی پەرلەمان بیخەنە چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندانی مەدەنییانە، کە بەم ڕێگەیە نەیانتوانی فێڵ لەپارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و پارتی ڕێگەی نەدا کە دامەزراوەکە بکرێتە سەکۆی شەرعییەتدان بە ئاژاوەگێڕی و پەردەپۆشکردنی بەناوی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتییەوە، ئیدی بە تەواوەتی هەوڵیاندا کە تەواوی ئەزموونەکە لەبەریەك هەڵبوەشێنن. دیارە لەماوەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ هەتا ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئەو هەوڵەیان بۆ نەرەخسا بە ئاشکرا بانگەشەی هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان بکەن، بەڵام لەدوای خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بە ئاشکرا کەوتنە داواکردنی هەڵوەشانەوەی حکومەت و پەرلەمان، لەمەش خراپتر کاتێك حکومەتی کوردستان داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت و حکومەتێکی تازە پێك بهێنرێت، ئەوا وەك بینیمان لەگەڵ ئەوەی ئامادەباشییان بۆ هەڵبژاردن نییە، کە چی لە هەمانکاتدا سەردانی بەغدا دەکەن بۆ ئەوەی بەو ڕێگەیە شەرعییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنیا حکومەت نییە کە ڕووبەڕووی دیاردەیەکی پۆپۆلیستیی لەمجۆرە دەبێتەوە، بەڵام گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین، کە حزبە پۆپۆلیستەکان (ئەوجا هەر ئایدیۆلۆژیەتێکیان هەبێت) بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستاندن ناتوانرێت کێشەکانیان لەگەڵدا چارەسەر بکرێت، ئەو جۆرە حزبانە نە مەبەستیانە خەڵك گوێیان بۆ بگرێت، نە مەبەستیانە گوێ لە بەرامبەرەکەیان بگرن، نە مەبەستیانە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرن، نە دەشیانەوێت هۆکارێکی لەبار بن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە و حوکمڕان، ئەوەی ئەو حزبە پۆپۆلیستانە مەبەستیانە یاریکردنە بە شکۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەکارهێنانی خەڵك و فریودانیانە بۆ ئەوەی بە کۆکتێلە سیاسییەکان مانۆڕی جۆراوجۆریان بۆ بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا بۆ حکومەتی کوردستان، یان هەر حکومەتێکی دیکە، تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی حکومەت بەهێز بکات و بە زەبری یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو حزبە سیاسییە پۆپۆلیستیانە بکات، ئەگەر دەستبەرداری ئەم ڕێگە چارەیە بوو، ئەوا جیا لەوەی ناتوانێت حوکمڕانی بکات، لە هەمانکاتدا ئایندەی وڵاتەکەشی دەکەوێتە مەترسییەوە.

- **هیچ کۆمەڵگەیەك یان دەوڵەتێك هەژار نییە ئەگەر حزبی هاوردە و پۆپۆلیستی بوونی نەبێت**

فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (هەڵوەشانەوەی سیاسی) دەپرسێت: ئایا بۆ ناپرسن، بۆچی سۆماڵ هەژارە و دانیمارك دەوڵەمەندە؟ بۆ ناپرسن، ئایا سەرچاوەی داهاتی سۆماڵ زیاترە، یان سەرچاوەی داهاتی دانیمارك؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر خۆی دەڵێت: سەرچاوەی داهاتی سۆماڵ زۆر لەسەرچاوەی داهاتی دانیمارك زیاترە،



بەڵام ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەوەی دانیمارك دەوڵەمەند بێت و سۆماڵ هەژار بێت، ئەوەیە کە دامەزراوەکانی حکومەتی دانیمارك زۆر باش هەڵدەسووڕێن، لە سۆماڵ دامەزراوەکان پەکیان کەوتووە. لەمەش زیاتر فۆکۆیاما دەپرسێت، بۆچی زۆر کەم ئەو پرسیارە ئاراستەکراوە، چۆن دانیمارك بوو بەو دانیمارکەی کە ئێستا ئێمە وەك نموونە باسی دەکەین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی پرۆگرامی ئەمریکا بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت بۆ دەوڵەتانی وەك عێراق و ئەفغانستان بەو جۆرە بووە، دامەزراوەکان بونیاد بنرێنەوە، بەبێ ئەوەی پرسیار لەوە بکرێت ئایا دامەزراوەکان چۆن هەڵدەسووڕێن؟ بێگومان لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە ئەگەر دامەزراوەکان بە ڕێکوپێکی هەڵنەسووڕان، ئەوا سیاسەت دوچاری هەڵوەشانەوە دەبێت، یان ئەو سیاسەتی حوکمڕانییەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی پێ بەڕێوە دەچێت، کار ناکات، بەمەش حوکمڕانی دەبێتە حوکمڕانییەکی خراپ و سەرچاوەی داهات چەند زۆریش بێت، خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دروست نابێت.

لێرەوە ئەگەر هەندێك لە بازنەی شرۆڤەکاری تێوری بێنەدەری و لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونە سەرکەوتووەکان پرۆسەی حوکمڕانیی سەرکەوتوو زیاتر خوێنەر تیکەڵاوی ئامانجی ئەم باسە بکەین، ئەوا ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە بورووژێنرێت، ئەوەیە: ئایا سیما و تایبەتمەندیی حوکمڕانییە سەرکەوتووەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەك (کۆریای باشوور و تایوان و سەنگافورا و ژاپۆن) و، (ئیماراتی عەرەبی) لە کەنداو و هەروەها (دەوڵەتی بوتسوانا؟) لە باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقیا و دەوڵەتی (چیلی) لە ئەمریکای لاتین چین؟ بێگومان خاڵی هاوبەشی تێکرای ئەم حوکمڕانییە سەرکەوتووانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەقامگیری سیاسی بوونی هەبووە و حزبی

**لەدوای خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بە ئاشکرا کەوتنە داواکردنی هەڵوەشانەوەی حکومەت و پەرلەمان، لەمەش خراپتر کاتێک حکومەتی کوردستان داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت و حکومەتێکی تازە پێک بهێنرێت، ئەوا وەک بینیمان لەگەڵ ئەوەی ئامادەباشییان بۆ هەڵبژاردن نییە، کە چی لە هەمانکاتدا سەردانی بەغدا دەکەن بۆ ئەوەی بەو ڕێگەیە شەرعییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەنە ژێر پرسیارەوە**

سیاسی نەبۆتە هۆكاری ئەوەی سەقامگیری سیاسی و حوكمڕانی دروست ببێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەزموونە سەركەوتووەكانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بكەین، دەبین لە هەر چوار وڵاتی (تایوان و كۆریای باشوور و سانگافورا و ژاپۆن) یەك حزبی سیاسی، سیاسەتی حوكمڕانی دروستكردووە و هەر خۆیشی جێبەجێی كردووە، لە ئیماراتی عەرەبی هەر حزبی سیاسی بوونی نییە، لە هەردوو وڵاتی بتسوانا و چیلیش، راستە حزبی سیاسی بوونی هەبووە، بەڵام دیاردەی حزبی پۆپۆلیستی بە هاوشێوەی دەوڵەتی پیرۆ بوونی نییە.

ئەم ئەزموونە سەركەوتووانەی شوێنە جیاجیاكانی جیهان ئەوەمان پێدەڵێن، كە سیاسەتی حوكمڕانیی سەركەوتوو پەیوەندی بە پێشكەوتن و دواكەوتوویی كۆمەڵگەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی بەو بناخە سیاسییەوە هەیە كە سیاسەتی حوكمڕانی لەسەر دروست دەكرێت، لەوانەیە لەم چوارچێوەیەدا بەراوردی توركیای نێوان ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٢ لەگەڵ توركیای ماوەی ساڵانی ٢٠٠-٢٠١٥، نموونەیەكی زیندوو و نزیكی بەردەست بێت، توركیا لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٢، دەوڵەتێك بوو كە ناسەقامگیری حوكمڕانی هەبوو، حزبەكان حكومەتیان پێكدەهێنا و دوای ماوەیەك هاوپەیمانییەكانیان هەڵدەوەشاندەوە و بەمەش دەبوو حكومەتێكی دیكە پێك بهێندرێتەوە، بۆیە سیاسەتی حوكمڕانی نەیدەتوانی كاربكات، ئاكامەكەشی ئەوە بوو، رۆژ لەدوای رۆژ باری ئابووری خراپتر دەبوو، نرخی دراوەكەشی (لیرە) دەهاتەخوارەوە، هۆكاری هەموو نەهامەتییەكانی توركیا ئەوە بوو كە حزبە سیاسییەكانی توركیا نەیاندەهێشت لەو وڵاتە حوكمڕانی بكرێت، بەڵام كاتێك لەساڵی ٢٠٠٢ ئاك پارتی هاتە دەسەڵات و سیستمی حزبایەتی ئەو وڵاتەی گۆڕی، ئەوا توركیا نەك هەر توانی سیاسەتێكی سەركەوتووی حوكمڕانی دابڕێژێت، بەڵكو ئابووریی توركیا بە ئاستێك بووژایەوە گەیشتە ئەوەی توركیا ببێتە ئەندامی گرووپی ٢٠، واتە یەكێك لە ٢٠ دەوڵەتە دەوڵەمەندەكەی جیهان، ئەوەی ئەم وەرچەرخانەی لە توركیا دروست كرد، پەیوەندی بە ئاستی پێشكەوتن، یان دواكەوتنی توركیا نەبوو، بەڵكو پەیوەندی بەوە هەبوو كە ئاك پارتی سیستمی حزبایەتی لە توركیا گۆڕی و توانی سیاسەتێكی ئەوتۆی حوكمڕانی دابڕێژێت كە حزبەكانی دیكە نەتوانن ئاستەنگی بۆ دروست بكەن. بەڵام ئێستا كە ئاك پارتی كە هەمان حزبە لەتوركیا و شێوازی سیاسەتكردنی خۆی گۆڕیوە و تەنیا ئامانجی بۆتە بردنەوەی سەر سندوقەكانی دەنگدان، ئەوا خۆدی ئاك پارتی بۆتە حزبێكی پۆپۆلیستی و خۆی بۆتە هۆكاری ئەوەی هەموو دەستكەوتەكانی رابردووی لەدەست بدات.

لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە كۆماری رووسیای فیدراڵیش لەسەردەمی فلادیمیر پۆتین، بە هەڵسەنگاندێك دوور لەو پێوەرە لیبراڵییەكانی رۆژئاوا، نموونەیەكی دیكەی حوكمڕانیی سەركەوتوو بێت لە رووسیای دوای یەڵسن، دەبینین ئەو كاتەی پۆتین بە سەرۆكی رووسیا هەڵبژێدرا، ئابوریی رووسیا لە چ ئاستێكدا بوو، لەماوەی حوكمڕانیی پۆتیندا گەشەی رووسیا گەیشتۆتە كوێ؟ رووسیا لەسەردەمی یەڵسن دەوڵەتێك بوو لە هەندێك رووەوە وەك دەوڵەتێكی فاشیل لەقەڵەم دەدرا، بەڵام رووسیای ئێستای سەردەمی پۆتین، خەریكە شكۆی یەكێتی سۆڤیەتی پێشان بۆ رووسیا فیدراڵی وەك سۆپەرپاوەرێك دەگێڕێتەوە، لەمەش زیاتر ئەمریكا هەتا ئێستاش بانگەشەی ئەوە دەكات كە سەكردایەتیی جیهان دەكات، بەڵام هەموو جیهان دەڵێت، ئاراستەی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەمریكا لە ٢٠١٦ و فاكتەری سەرەكی بۆ دۆڕاندنی هیلاری كلیتۆن دەستتێوەردانەكانی رووسیا بووە، لەمەش زیاتر كاتێك هاتنە ناوەوەی رووسیا بۆ سووریا یەكلاكردنەوەی كێشەی سووریا بەو شێوەیەی رووسیا مەبەستی بوو، ئێستا رۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە خۆیان بڵێن، ئێستا رۆژئاوا رۆڵێكی ئەوتۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەماوە و ئەوەی رووسیا پێی كرا، رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پێی نەكرا، بێگومان هەموو هۆكارەكانی سەركەوتنی رووسیا لەهەموو بوارەكانی حوكمڕانی و گێڕانەوەی شكۆ بۆ رووسیای فیدراڵی، هۆكارەكەی ئەوە بوو فلادیمیر پۆتین توانی سیستمی حزبایەتی ئەو وڵاتە بگۆڕێت و خۆی و حزبەكەی سیاسەتێكی حوكمڕانی دروست بكەن و جێبەجێی بكەن و سەركەوتووش بوون.

**لایەنێكی دیكە كە حزب و بزووتنەوە و گرووپی پۆپۆلیستی ئامانجیەتی لە سیستمی دیموكراتی بەدەستی بهێنێت، تێكدانی هاوسەنگیی سیستمە دیموكراتییەكەیە، بێگومان هاوسەنگیی سیستمی دیموكراتی بەندە بە دامەزراوەكانی حكومەت و رێزگرتن لە سەروەریی یاسا، ئەوجا پۆپۆلیستەكان بۆ ئەوەی ئەم هاوسەنگییە بشێوێنن، كاری سەرەكییان ئەوەیە شكۆ و بەهای دامەزراوەكان بشكێنن، یان سووكی بكەن**

**ئەگەر نەتوانرێت وەرچەرخانێك دروست بكرێت كە سیاسەتی دژە حوكمڕانی بگۆڕێت بۆ سیاسەتی پشتگیری لە حوكمڕانی، ئەوا نە كێشەكانی كۆمەڵگە چارەسەر دەكرێن و نە دەشتوانین رێگە لەو پۆپۆلیستانە بگرین كە گرەو و قومار لەسەر ئێستا و ئایندەی كوردستان دەكەن**

**ئەم یاریكردنە بە چەمكی حزبی سیاسی بۆ مەرام و ئامانجی ئایدیۆلۆژیەتێكی دیاریكراو، جیا لەوەی حزبی سیاسی لە هەموو جیهاندا دوچاری تەنگژەیەكی گەورە كرد، لە هەمانكاتدا چەمك و مانای سیاسەتیشی لە هونەری مومكیناتەوە گۆڕی بۆ هونەری درۆكردن و خەڵك فریودان و هەڵخەڵەتاندن**

لەسەر بنەمای ئەزموونە سەرکەوتووەکانی جیهان، دەکرێت راشکاوانە لەسەر سیاسەتی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان هەڵوەستە بکەین و پاشان ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا فاکتەرەکانی باش هەڵنەسووڕانی سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا دەبێت چی بێت؟ بێگومان فاکتەری هەرە سەرەکی بۆ سەرنەکەوتنی سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا ئەوەیە، هەر لەگەڵ یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و پاشان دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، حزبە سیاسییەکان نەیانهێشتووە، بناخەیەکی پتەو بۆ سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا دروست ببێت، هەروەها سیاسەتی تەسکی حزبایەتی بواری ئەوەی نەداوە، حزبێکی سیاسی دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، سیاسەتی حوکمڕانی خۆی پیادە بکات، ئەوجا ئەگەر سەرکەوتوو بێت ئەوە هەر بە بناخەیەك بۆ سیاسەتی حوکمڕانی هەژمار دەکرێت، ئەگەر سەرکەوتووش نەبوایە، ئەوا لە میانەی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و لە میانەی پیادەکردنی سیاسەتێکی حوکمڕانی، ئەزموونێکی باش بۆ ژێرخانی حوکمڕانی لە کوردستاندا دروست دەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماوەی ١٩٩٢-٢٠٠٥، شەڕی دەسەڵات ژینگەیەکی ئەوتۆی دروست کرد کە ئەسڵەن هەڵبژاردن نەکرێت، بۆیە سیاسەتی حوکمڕانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانیش دوچاری ئاستەنگی گەورە بووە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥یشەوە، کە پارتی و یەکێتی لەمیانەی رێککەوتنی ستراتیژی توانییان پرسی دەسەڵات یەکلایی بکەنەوە، ئەوا لەماوەی ٢٠٠٥-٢٠٠٩، کوردستان نەك هەر توانی هەنگاوی زۆر گەورە لەبواری پەرەپێدان و گەشانەوەی ئابووری هەڵبگرێت، بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێك باسی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، پێیاندەگوت: «عێراقەکەی دیکە — The Other Iraq»، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ و دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەك بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی، پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان دوچاری ئاستەنگ و بەڵای خۆی هات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی هەر دوولایەنی (پارتی و یەکێتی) کە بەرپرسیار بوون سیاسەتی حوکمڕانی بپارێزن و سنوورێك بۆ دیاردەی پۆپۆلیستیی بزووتنەوەی گۆڕان دابنێن، لەژێر پەردەی رێزگرتن لە دیموکراتی و فرەحزبی خەمساردییان کرد، تا کار گەیشتە ئەوەی لە ٢٠١١ و هاوکات لەگەڵ راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان وەك دیاردەیەکی پۆپۆلیستی لە کوردستاندا، بووە هۆکاری ئەوەی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان وەك ئەزموونێکی سەرکەوتووی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر نەکرێت، لەمەش خراپتر کە حکومەتی کوردستان نەیتوانی سنوورێك بۆ دیاردەی پۆپۆلیستی دابنێت، حزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەش لاسایی هەمان رەوتیان کردەوە و بەمەش سیاسەتی پۆپۆلیستی جێگەی سیاسەتی بەشێوەیەکی گشتی لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان گرتەوە، بەمەش رۆژ لەدوای رۆژ سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستان بەرەو ناسەقامگیری هەنگاوی هەڵگرت، تا گەیشتۆتە ئەوەی ئەمرۆ دەبینین کە بە ئاشکرا نەك هەر شەڕی دەسەڵات دەکرێت، بەڵکو بە پشت بە ستن بە حکومەتی بەغدا شەڕی هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

لە ئێستادا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کردووە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە کوردستان بکرێت، حزبە پۆپۆلیستییەکان دەیانەوێت بە بیانووی جیاواز ئاستەنگ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دروست بکەن، بەو ئامانجەی کە سیاسەتی ناسەقامگیری بۆ حوکمڕانی لە کوردستاندا، زۆنگاوێکی باشە بۆ گەشەی ئەوان و زیانگەیاندن بە شکۆی حکومەتی کوردستان، ئەوا ئەگەر لە حاڵەتێکدا بواری ئەوەش نەبوو کە پەرلەمان بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە بدات، ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ گوێدانە ئەوەی ئەو حزبە پۆپۆلیستیان چی دەکەن، یان چی دەڵێن، سیاسەتێکی بەهێزی حوکمڕانی پیادە بکات، ئەگەر ئەو لایەنە پۆپۆلیستیانەش هەوڵیاندا ژینگەی سەقامگیری کوردستان بشێوێنن، ئەوا دەبێت حکومەت بە هێزی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکات و چاوپۆشییان لەسەر نەکات.

**بۆ ئەوەی هێزی شەڕانگێزی پۆپۆلیستی بەسەر ئیرادەی خێری کۆمەڵگەدا زاڵ بێت، ئەوا حزبی پۆپۆلیستی کۆکتێلێکی سیاسی لە وشە و چەمکە جیاوازەکانی ناو ئایدیۆلۆژیەتە جیاوازەکان دروست دەکات و لە ژێر دروشمی (یەکسانی، دادپەروەری، حەرام و حەڵاڵ و ئەرک و ئەخلاقی ئایینیی و مرۆڤایەتی) مانۆڕێکی سیاسی بە تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات و سەرانی حزبە پۆپۆلیستییەکان لە دوورەوە و بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە میانەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تەفسیر و تەنزیر بۆ ئەو کۆکتێلە سیاسییە دەکەن کە بۆ مەبەستی خۆیان دروستیان کردووە**

**سیاسەتیش بە درێژایی مێژوو بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی گەورە، یان حزبێکی سیاسی، یان سەپاندنی ئایدیۆلۆژیەتێکی دیارکراو، لە هەموو کایەکانی خێری گشتی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەرهاتووە و لەبری ئەوەی بە هونەری سیاسەت کێشەکانی چارەسەر بکرێن و دەوڵەت و کۆمەڵگەی پێ رێک بخرێتەوە، دەبینین سیاسەت خۆی بۆتە سەرچاوەی هەموو کێشەکان و تێکدانی رەوتی ژیانی دەوڵەت و کۆمەڵگە**

مارینا ئۆتاوای

شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بۆ گوڵان:

# حکومەتی عێراق توانای ئەوەی نییە ئیدارەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بکات و بەمزووانە کێشە لەو ناوچانە سەرهەڵدەدەنەوە

## هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی تورکیا دووبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستاندا دابمەزرێنێتەوە

مارینا ئۆتاوای توێژەرە لە سەنتەری وودرۆ ویلسۆن و شرۆڤەکاری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەفریقیا، بەلکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە سەنتەری ئاماژەپێکراودا سەرقاڵی پرۆژەیەکە کە پەیوەستە بە توێژینەوە لەبارەی وڵاتانی بەهاری عەرەبی و عێراقەوە. پێشتریش توێژەری کاروباری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە و لە چەندین زانکۆ وانەبێژ بووە، وەك زانکۆی جۆرج تاوون، زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە و زانکۆی زامبیا. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئێستای عێراق و شرۆڤەکردنی کاریگەری دەستڕۆیشتوویی ئێران لەسەر ئەم وڵاتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



**ئێران پێگەیەکی باڵادەستی هەبووە لە سەر سیاسەتی عێراق و بۆ ڕۆژگارێکی دووردرێژیش ئەم پێگەیەی هەبووە. زۆرێک لە پارتە سیاسییە شیعەکانی عێراقیش لە ئێران و بە پاڵپشتی ئێران دروست بوون، هەروەها زۆرێک لە میلیشیاکانیش، بۆ نموونە میلیشیای بەدر لە بنەڕەتدا لە ئێران دروست بووە**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت بەتایبەتی لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوانەی بەم دواییە ڕوویاندا؟**

- ئەگەر مەبەستتان ئەو ڕووداوانە بێت کە لە پەیوەندی بە کوردەوە ڕوویانداوە، ئەوا ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێشبینییەکانی بۆ کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی ریفراندۆمی سەربەخۆییدا بەوجۆرە نەبوو کە خۆی پێشبینی دەکردو ئێستاش بە دەست کاریگەرییەکەیەوە گیرۆدەن. من پێموایە کاردانەوەکە زۆر لەوە بەهێزتر بوو کە چاوەڕوان دەکرا. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە پێشوەختە هۆشداری درا بەوەی دەرئەنجامی ریفراندۆمەکە قبووڵ ناکرێت، لەبەر ئەوە هەروەک ئاماژەم پێکرد لە ئێستادا کوردستان بە دەست کاریگەرییەکەیەوە گرفتارە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێموایە دۆخەکە بە جۆرێك لە ڕێککەوتن کۆتایی دێت، چونکە پێموایە نە عێراق و نە تورکیا ناتوانن بەرگەی درێژەکێشانی ئەو دۆخەی ئێستا بگرن. مەبەستم ئەوەیە تورکیا پێویستی بە بوونی کوردستانێکی خۆبەڕێوەبەرە، چونکە لە تێڕوانینی ئەنقەرەدا کوردی عێراق سوودبەخش بوون بۆ تورکیا. هەروەها ئاشکرایە کە تورکیا پەیوەندییەکی بازرگانی باشی لەگەڵ کوردستاندا هەیە، واتە شەراکەتێکی بازرگانی بەرفراوانیان هەیە لەگەڵ کوردستاندا و نایانەوێت ئەمەیان لە دەست بچێت. کەواتە هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی تورکیا دووبارە ئاشتەوایی لەگەڵ کوردستاندا بکاتەوە، ئەگەر هاتوو دڵنیابوو لەوەی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵناگرێت، لەم ڕوانگەیەوە پێموایە دەستپێشخەریی ئەم دواییە تورکیا بۆ ناوبژیوانی ڕەنگدانەوەی خواستی تورکیایە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستاندا.

*** ئایا ئێوە گەشبینین بەوەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟**

- بە بۆچوونی من ئەم گفتوگۆیانە سەخت دەبن و کاتی زیاتریان دەوێت، چونکە ئەمساڵ، ساڵی هەڵبژاردنەکانە و عەبادی دەیەوێت وا دەرکەوێت کە هەڵوێستی سەخت دەگرێتەبەر. عەبادی لەبەردەم بژارەی سەختدایە، یان دەبێت بوار بە هەرێمی کوردستان بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە هەناردەکردنی نەوتی خۆی و هەڵگرتنی داهاتەکەی بۆ خۆی، یان ئەوەتا بەشێك لە بودجەی عێراق تەرخان بکات بۆ دەستەبەرکردنی داهات بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارە ئیدارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لەبەر ئەوە پێمواییە ئەم پرسە مشتومڕ و بگرە و بەردەی زۆری لەسەر دەکرێت و گفتوگۆی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام باوەڕم وانییە ئەم هەوڵانە دەرئەنجامی دەستبەجێیان هەبێت.

*** ئێوە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧دا وتارێکتان بڵاوکردەوەو ئاماژەتان بەوە کرد کە دەست بەسەرداگرتنەوەی کەرکوك لەلایەن عێراقەوە هەڵگری ئاماژەیە بۆ ناکۆکی لە ئایندەدا، دەتوانن ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پلانێك بەدی ناکەم لەلایەن عێراقەوە بۆ چۆنیەتی حوکمڕانیکردنی ئەو شوێنانە، واتە مەبەستم ئەوەیە بەغدا پێیوایە دەتوانێت ئیدارەی کەرکوك و موسڵ بکات، بەڵام تا ئێستا ئەمە ڕوونەداوەو بە چەشنی ناوچەکانی دیکە ئیدارە نەکراون، چونکە تا ئێستا میلیشیایەکی زۆر لەو ناوچانەدا هەن و سوننەش بە ڕاددەیەکی زۆر نارازین لە دۆخەکە، لەبەر ئەوە من هەوڵی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەدی ناکەم. لەبەر ئەوە درەنگ یان زوو لەو ناوچانەدا کێشە سەرهەڵدەدەنەوە.

*** ئایا پێتوایە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئێران پتر کاریگەر و باڵادەست دەبێت بەسەر سیاسەتی عێراقەوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێموانییە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوویدابێت لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەیە پێشتریش ئێران پێگەیەکی باڵادەستی هەبووە بە سەر سیاسەتی عێراقەوە و بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژیش ئەم پێگەیەی هەبووە. چونکە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە زۆرێك لە پارتە سیاسییە شیعەکانی عێراق لە ئێران و بە پاڵپشتیی ئێران دروست بوون، هەروەها زۆرێك لە میلیشیاکانیش، بۆ نموونە میلیشیای بەدر لە بنەڕەتدا لە ئێران دروست بووە. کەواتە ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەبووە لە عێراقدا و لە ساڵی ٢٠٠٣وە دوای داگیرکردنی عێراق

لەلایەن ئەمریکاوە، دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا هەڵکشاوە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە لە پاییزی رابردودا هەڵکشانێکی گەورە روویندا لەم رووەوە، چونکە ئێران بەردەوام سەرقاڵی برەوپێدانی دەستڕۆیشتوویی خۆی بووە.

*** هێزەکانی حەشدی شەعبی رایانگەیاندووە کە بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق دەکەن، ئایا پێتوانییە بەشداربوونی ئەم هێزانە لە گەمەی هەڵبژاردن و سیاسەتدا سەربکێشێت بۆ بەهێزبوونی زیاتری پێگەی ئێران؟**

- لە راستیدا ئەم هەنگاوە بۆی هەیە ئەم دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەوەش بەندە بەوەی ئایا چ دەرئەنجامێك بەدەست دەهێنن لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها بەندە بەو هاوپەیمانێتییانەی دروستی دەکەن، چونکە هێشتا دۆخەکە روون نەبۆتەوە و دیار نییە چ گروپێکی میلیشیایی دەبێتە هاوپەیمانی چ پارتێکی سیاسی. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەموو ئاماژەکان بە ئاراستەی بەهێزبوونی زیاتر، یان چەسپاندنی دەستڕۆیشتوویی ئێرانن لە عێراقدا.

*** ئایا بوونی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا دەبێتەهۆی سنووردانان بۆ دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە عێراقدا؟**

- من باوەڕم وانییە بوونی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا بە هیچ شێوەیەك ببێتەهۆی سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا، چونکە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا سەربازی نییە، بەڵکو سیاسییە، بەو پێیە بوونی راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا نابێتەهۆی سنووردارکردنی ئەو دەستڕۆیشتوویییە سیاسییەی ئێران لەم وڵاتەدا. لە راستیدا ئەوەی ئەمریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات، دەستەبەرکردنی هەندێ پشتیوانییە بۆ عەبادی بۆ ئەوەی بتوانێت تا رادەیەك سەربەخۆ بێت لە ئاست ئێراندا. بەڵام ناکرێت بەراوردی کاریگەریی ئەمریکا بە کاریگەریی ئێران بکەین لە عێراقدا.

*** ئەگەر باس لە شەڕی داعش بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی زۆر ئەم رێکخراوە تێکشکاوە، بەڵام ئایا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەم رێکخراوە، یان رێکخراوێکی تیرۆریستی هاوشێوە لەئارادا نییە ئەگەر بێتوو هەندێ لە کێشە بونیادیی و سیاسییەکان چارەسەر نەکرێن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە حوکمڕانییەوە هەیە؟**

- بەڵێ، من هاوڕام لەگەڵتاندا، چونکە بە بێ بوونی چارەسەری سیاسی ئەوا کێشەگەلێکی زۆر لەو ناوچانەدا روودەدن. داعش وەك رێکخراوێك تێکشکاوە و توانای کۆنترۆڵکردنی خاکی نەماوە و چیتر خەلافەتەکەی و دەوڵەتە ئیسلامییەکەی لەئارادا نەماوە. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت کە داعش وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی بریتی بوو لە تۆڕێکی تیرۆریستی، لەبەر ئەوە بوونی دەمێنێت.

*** بەڵام پێتوایە دەبێت ئەو چارەسەر سیاسییە درێژخایەنە چۆن بێت بۆ ئەوەی ئەم کێشانە سەرهەڵنەدەنەوە؟**

- لە راستیدا من هیچ هەوڵێك بەم ئاراستەیەدا بەدی ناکەم و ناتوانم پێشبینی بکەم لە مەودای دووردا چی دەکرێت. بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە تاوەکو هاوسەنگییەك لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا نەیەتەدی، ئەوا لە مەودای دووردا کێشەی جددی بەرۆکی ئەم وڵاتە دەگرێت.

*** ئایا پێتوایە ئەمریکا بتوانێت رۆڵ ببینێت لە هێنانەئارای ئاشتەوایی نیشتیمانی لە عێراقدا؟**

- من پێموانییە ئەمریکا رۆڵی گەورە ببینێت لەم رووەوە و باوەڕم وانییە ئەمریکا ئەوەندە دەستڕۆیشتوو بێت بۆ بینینی ئەم رۆڵە لەم ساتەوەختەدا.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی عێراق چین؟**

- بە بۆچوونی من عێراق وەك وڵاتێکی ناسەقامگیر دەمێنێتەوە لەگەڵ بەردەوامبوونی چەندین کێشەی چارەسەرنەکراودا. هەروەها من نازانم ئاراستەی کارکردنی داعش چۆن دەبێت؟ ئایا تەرکیز لەسەر عێراق دەکەن، وەك ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی بەم دواییە بینیمان، یاخود کارەکانیان لە وڵاتێکی دیکەدا چڕدەکەنەوە؟ ئایا کردەوەکانیان لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا ئەنجام دەدەن؟ من زۆر دوودڵم لەوەی پێشبینی بکەم لەم رووەوە. بەڵام ئەوەندەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە سەرەڕای تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش هێشتا ئەم وڵاتە لەبەردەم چەندین کێشەی گەورەدایە.

**بوونی راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا لەعێراقدا نابێتەهۆی سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی سیاسیی ئێران لەم وڵاتەدا. ئەوەی ئەمریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات، دەستەبەرکردنی هەندێ پشتیوانییە بۆ عەبادی بۆ ئەوەی بتوانێت تا رادەیەک سەربەخۆ بێت لە ئاست ئێراندا. بەڵام ناکرێت بەراوردی کاریگەریی ئەمریکا بە کاریگەریی ئێران بکەین لە عێراقدا**



*** چەند لە رەفتارەکانی حکومەتی فیدراڵی ورد دەبینەوە، هەست دەکەین کە بەغدا نایەوێت دەرگای دیالۆگێکی جددی لەگەڵ کوردستان بکاتەوەو بەشێوەیەکی ریشەیی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکەن، ئایا تاچەند بەغدا دەیەوێت یاری بەکات بکات بۆ ئەوەی کێشەکان وەك خۆی بهێڵێتەوە؟**

- ئێمەی کورد هەر لەو کاتەوە کە بەستراینەوە بە عێراقەوە هەمیشە چەندین کێشەی گەورە لەنێوانماندا دروست بووە. هەر لەم چەند رۆژەی رابردوو عەبادی ئاماژەی بەوە دا کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا قووڵن، لە ئێستاشدا عەبادی هەفتانە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هەیە کە لە هەموویاندا ئاماژەبەوە دەدات کە ئەوان جددیین لە ناردنی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا لەلایەن عێراقەوە

### دکتۆر ئەردەڵان نورەدین ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# عەبادی ناتوانێت تاسەر گەمە بە کات بکات و ناچار دەکرێت بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت

## خۆشبەختانە لەنێو پەرلەمانتارە کوردەکاندا لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ی عێراق هاوهەڵوێستی هەیە

**ئاشکرایە لە ئێستادا باسی بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەکرێت، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە بەغدا لەم رووەوە کەوتێبتە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتییەوە، ئەم بابەتانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر ئەردەڵان نوردەین، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

کراوە، تەنیا قسەیە و هیچ نەکراوە و ئەو قسانە هیچ شێوەیەکی کرداری بە خۆیەوە نەبینیوە و رۆژ لە دوای رۆژ گرفت بۆ ئەو بابەتە دروست دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر باسی گەندەڵی بکرێت، ئەوە من بەرگری لە گەندەڵییەکانی هەرێمی کوردستان ناکەم، بەڵام لەمبارەوە لیستی مووچەخۆرانی کوردستان سەدان جار لە لیستەکانی بەغدا خاوێنترە، بەداخەوە ئەوەی روودەدات دەستێوەردانێکی نایاساییە لەهەندێ لەبابەتەکان وەکو لیستی فەرمانبەران و چەندین بابەتی دی کە لەبنەڕەتدا لە تایبەتمەندی بەغدادا نییە، بەڵکو پێویست بوو بەغدا راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، بەڵام بە داخەوە ئەوەی ئێستا عەبادی دەیکات، پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردنە کە پرسی مووچەی فەرمانبەران بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت.

**ئەوەی لەم جارەدا لە داقوق و دوزخورماتوو روویدا، لەهیچ شارو شارۆچکەو ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و لەجێگاکانی کێشە لەسەر رووی نەداوە، کە دەبێت ئەو کەسانەی بەرپرسن لە رێککەوتنی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەڵامی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە بدەنەوە**

*** بەڵام ئایا تا چەند نەبوونی یەکڕیزی لە نێوماڵی کورددا پێگەی هەرێمی کوردستانی لە ئاست بەغدا لاواز کردووە ؟**

- بێگومان نەبوونی یەکڕیزیی ماڵی کورد یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە بۆتە هۆی ئەوەی پێگەی حکومەتی کوردستان لەبەرامبەر بەغدا لاواز بێت. بە داخەوە هەندێ لەحزبە نوێیەکانی کوردستان لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ میللەت بن، کەچی زیاتر هەوڵدەدەن هاوپەیمانی لەگەڵ بەغدا و حزبەکانی عێراق ببەستن، بە مەبەستی ئەوەی زۆرترین پۆستیان لە حکومەتەکانی داهاتوو دەست بکەوێت. سەردانەکانیشیان بۆ لای عەبادی هیچ پاساوێکی نەبووەو هیچ دەستکەوتێکیشی لێ نەکەوتەوە، چونکە نەیانتوانی باوەڕ بە عەبادی بێنن بە لانیکەم مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێمی کوردستان بنێریت.

*** ئەو سزایانەی بەسەر کوردستاندا سەپێندراون هەر هەموویان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بڕیاریان لەسەر دراوە، ئایا لەو ماوەیەی کە فراکسیۆنە کوردستانییەکان گەڕاونەتەوە، تاچەند هەوڵتان داوە لەگەڵ فراکسیۆنی دیکەی عێراق کار بکەن بۆ ئەوەی چاو بەو سزایانە لەلایەن پەرلەمانی عێراق بخشێندرێتەوە؟**

- ئاشکرایە کە ئەو سزایانە زیاتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق دەرچووە کە بە سەرۆکایەتی حەیدر عەبادی بووە، واتە داخستنی فڕۆکەخانەو دەروازە و بنکە سنوورییەکان، یاخود بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان لە رێگای حکومەتی عێراقەوە بووەو هیچ پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نییە، تەنانەت لە پەرلەمان چەندین جار نووسراویشمان بەرزکردۆتەوە بۆ حکومەت تاوەکو بەزووترین کات بودجەی هەرێمی کوردستان بنێریت، بەڵام حکومەتی بەغدا پابەند نەبووە و بارودۆخەکەش بەمشێوازەیە کە پەرلەمانتاران نەتوانن داوای لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەن، چونکە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوانە نەك لەگەڵ ئێمە، هەر ئەوەشە بۆتە رێگر. ئەگەرچی من وەکو شەخسی خۆم لەسەرەتای ئەم خولەی پەرلەماندا پێش ئەوەی ئەو کێشانە دروست بێت دوو پرسیارم ئاراستەی عەبادی کرد بەوەی کە دەبێت بەغدا بە زووترین کات بودجەی هەرێمی کوردستان خەرج بکات، ئەگەر کێشەیەکیش لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەوە دەبێت خۆی بێت (حکومەتی عێراق) لەگەڵ حکومەتی کوردستان دابنیشێت و بە گفتوگۆ چارەسەری بکات، نەك بودجە و مووچەی هاووڵاتیانی کوردستان ببڕێت، بەڵام بەداخەوە هەمان ئەو وەڵامەی دایەوە کە ئێستا باسی دەکات. لەوانە دەڵێت: کوردستان پابەند نەبووە بە دەستوور و زۆر کاری نایاسایی کراوە لە دامەزراندنی فەرمانبەران، واتە بە بەردەوامی عەبادی بەهانە و پاساو دەهێنێتەوە. بۆیە دەڵێم ئەگەر عەبادی مەبەستی ئەوە بووایە کە هاووڵاتیانی کوردستانی بە عێراقی بزانێت، ئەوە دەرفەتێکی زێڕینی لەدەست بوو کە دەیتوانی بە سلفەش بووایە پارەی بۆ کوردستان خەرج بکردبایە، کە لەو کاتەدا هاووڵاتی و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هەستیان بەوە دەکرد کە عەبادی جیاوازی لەنێوان فەرمانبەرانی کوردستان و عێراق ناکات. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمان دەرچوون لەم رووەوە، چەند بڕیارێکی سادە بوون و لەسەر شێوەی راسپاردە بوون، واتە حکومەتی عێراق پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنیان. هەر ئەوەش بوو وایکرد کە بانکەکانی کوردستان دانەخران و پڕۆسەی فرۆشتنی دۆلار تائێستا بۆ بانکەکانی کوردستان بەردەوامە، بەڵام ئەو بڕیارانەی کە لەسەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراون، ئەوە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییە، نەك بڕیاری پەرلەمان.

**هەندێ لەحزبە نوێیەکانی کوردستان لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ میللەت بن، کەچی زیاتر هەوڵدەدەن هاوپەیمانی لەگەڵ بەغدا و حزبەکانی عێراق ببەستن، بە مەبەستی ئەوەی زۆرترین پۆستیان لە حکومەتەکانی داهاتوو دەست بکەوێت. سەردانەکانیشیان بۆ لای عەبادی هیچ پاساوێکی نەبووەو هیچ دەستکەوتێکیشی لێ نەکەوتەوە**

*** لە ئێستادا پەرلەمان دەیەوێت یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکاتەوە، ئەمجارە هەڵبژاردنەکان ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش دەگرێتەوە، بەپێی قسەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق باس لەوە دەکات: لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە کە چارەنووسی کەرکووك ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاری دەکات، ئایا ئێوە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەڵوێستان چۆن دەبێت؟**

- ئێمە لەگەڵ چارەسەری دەستوورین، چونکە دەستوور جیاوازی لەنێوان پارێزگاکان ناکات. بۆیە هەر لەسەرتاوە لەگەڵ ئەوەدا بووین کە چۆن هەڵبژاردن لە شارەکانی تری عێراق دەکرێت، دەبێت ئاواش لە کەرکووك بکرێت، بەڵام هەڵبژاردنێکی شەفاف و دوور بێت لە پرۆسەی تەعریب لەو ناوچانەدا کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری دەیانگرێتەوە. بێگومان تاوەکو لە تواناماندا هەبێت

ڕێگا نادەین هەڵبژاردنی کەرکووک بە یاسایەکی تایبەت، یان لە پارێزگاکانی عێراق جیابکرێتەوە.

*** سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵی عێراق؛ دیارە پشکی کورد لەلایەن عەبادییەوە کەم کراوەتەوە بۆ ١٢,٦٪ هەروەها عەبادی پێداگیری دەکات کە نابێت ئەم پشکە بەرزبکرێتەوە بۆ لە ١٧٪ ئایا تاچەند پرۆژە یاسای عێراق بەم شێوازە تێدەپەڕێت؟**

- بێگومان ئەگەر هاتوو هیچ گۆڕانکارییەك لە پرۆژە یاساکە نەکرێت لە بەرژەوەندیی سوننەو لە بەرژەوەندیی کورد و تەنانەت لە بەرژەوەندی شیعەی پارێزگاکانی باشووری عێراقیش، ئەوا ئەو پرۆژە یاساییە تێپەڕ نابێت، بەڵگەشمان لەسەری ئەوەیە کە زیاتر لە مانگ و نیوێکە ئەو پرۆژە یاسایە لەپەرلەمانە و تا ئێستاکە خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ نەکراوە بە بیانووی ئەوەی کە کەموکوڕیی زۆری تێدایە و حکومەتیش ئامادە نییە چارەسەریان بکات، ئەگەر حکومەتیش ئامادە نەبێت بۆ چارەسەرکردنیان، ئەوا ئێمەش وەکو پەرلەمانتاران ئامادەنین پرۆسەکە دەست پێ بکەین و دەست بە خوێندنەوەی بکەین و بیخەینە بەر گفتوگۆ، چونکە هەر کاتێك ئێمە پرۆسەکەمان دەست پێکرد، ئەو کاتە پەرلەمان پابەند دەبێت کە پرۆسەکە بە کۆتایی بگەیەنێت. کەوا بێت لە ئێستادا هەموو پێشبینییەکان ئەوەیە کە لە ساڵی ٢٠١٨ یاسای بودجە نەبێت، لەو حاڵەتەشدا بودجەکە بەپێی هەمان پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٧ جێبەجێ دەکرێت کە بەپشکی یەك لەسەر ١٢مانگانە عەبادی دەتوانێ بودجەکە خەرج بکات. ئێمەش دەزانین لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٧ پشکی لە ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردستان چەسپێنراوە، واتە ئەگەر ئێمە ڕێگا نەدەین ئەو پرۆژە یاسایەی ئێستا تێپەڕێت، ئەوا بەشە بودجەی کوردستان دەبێتەوە ڕێژەی ١٧٪.

*** ئایا پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغدا لەم رووەوە یەکهەڵوێستن؟**

- لەسەرەتای هاتنی ئەو پرۆژە یاسایەدا لیژنەیەك لە هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان پێکهات بۆ ئەوەی دیراسەتی سەرجەم بڕگەکانی پرۆژە یاسای بودجە بکات، کە خۆشبەختانە هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان بەشداربوون و هەموویان هاوهەڵوێستن لەسەر ئەوەی کە نابێت پرۆژە یاسای بودجە بەم شێوەیەی ئێستا تێپەڕێت، تاکو ئێستاکەش یەکهەڵوێستین و هەوڵیش دەدەین ئەو یەکهەڵوێستییەش بمێنێت و بیپارێزین.

*** سەرەتای قسەکانت باسی وردبینی مووچەی فەرمانبەرانت کرد، ئایا هیچ ئومێدێکیان بەوە هەیێت کە بەغدا مووچەیان بۆ دەنێرێت؟**

- بەڵێ، بابەتەکە ئیلزامییە، چونکە بەغداش ئێستا کەوتۆتە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتی و ناوخۆییش، بێگومان راستە عەبادی گەمە بەکات دەکات و کاتەش لە بەرژەوەندی ئەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا کەی عەبادی دەتوانێت یاری بە کات بکات؟ بێگومان لە ماوەیەکی نزیکدا ناچار دەکرێت کە سەرجەم بودجەی کوردستان و مووچەی فەرمانبەران بنێرێت، واتە ئەم گەمەکردنەی بە کات سنووردار دەکرێت و گومانی تێدا نییە کاتێك دێت کە ناچار بکرێت هەموو بودجەی هەرێمی کوردستان بنێریت.

*** دۆسیەی ئاوارەکانی کورد لە خورماتوو و ناوچەکانی تری کوردستانی تاچەند کاری لەسەر کراوە، ئایا ئومێد بە پەرلەمانی عێراق هەیە لەسەر ئەم دۆسێیە بەدەنگ بێت؟**

- ئەوەی لەم جارەدا لە داقوق و دوزخورماتوو روویدا، لەهیچ شارو شارۆچکەو ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و لەجێگاکانی کێشە لەسەر رووی نەداوە، کە دەبێت ئەو کەسانەی بەرپرسن لە ڕێککەوتنی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەڵامی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە بدەنەوە. ئێمە وەکو پەرلەمانتار درێخیمان نەکردووە لە هەموو فشارێك لەسەر لایەنە سیاسییەکان بەڵام لەم ناوچانەدا واقیعێکی سەربازی دروست بووە و ئەم واقیعە سەربازییەش لەدەست دەرچووە و تەنانەت عەبادیش ناتوانێت هەندێ لەبڕیارەکانی لەم ناوچانەدا جێبەجێ بکات. بۆیە من داواکارم ئەم بابەتە بکرێتە ئەولەوییەت، ئەگەر هاتوو گفتوگۆ لەنێوان هەر دوو حکومەت دەستی پێکرد، تاوەکو چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە. دەبێت بە عەقڵییەتێکی حەکیمانە چارەسەر بۆ رەوشی ئەو ناوچانە بدۆزرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو چارەسەرەش لەناو پەرلەماندا نایەتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی تاوانەکانیان لەم شارانە ئەنجام داوە و ئەوانەی حوکمڕانیی ئەو ناوچانە دەکەن، زیاتر حەشدی شەعبین، بۆیە ئومێدی ئێمە ئەوەیە لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئەم کێشەیەش چارەسەر بکرێت.

**ئەوەی ئێستا عەبادی دەیکات، پروپاگەندەیەکی هەڵبژاردنە کە پرسی مووچەی فەرمانبەران بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت**

**بەرگری لە گەندەڵییەکانی هەرێمی کوردستان ناکەم، بەڵام لەمبارەوە لیستی مووچەخۆرانی کوردستان سەدان جار لە لیستەکانی بەغدا خاوێنترە، بەداخەوە ئەوەی روودەدات دەستێوەردانێکی نایاساییە لەهەندێ لەبابەتەکان وەکو لیستی فەرمانبەران و چەندین بابەتی دی کە لەبنەڕەتدا لە تایبەتمەندی بەغدادا نییە**

## زاکری لۆکمەن

تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم رۆژگارێکی دوورودرێژی ناسەقامگیری و نائارامیدایە

زاکری لۆکمەن پرۆفیسۆری مێژوو و دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی نیویۆرك، وانەبێژ و توێژەری مێژووی سیاسی، کەلتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخە، پێشتریش سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری «Kevorkian» بووە بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك لە زانکۆی نیویۆرك. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤەکرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بارگرژی و بارە ئاڵۆزەی کە باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، لەگەڵ ئەگەرەکانی ئایندە لە پەیوەندی بە داهاتووی ئەم ناوچەیەوە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە بۆچوونەکانی خستەڕوو.





*** هەروەك ئاشكرایە كە چەندین پێشهات و پەرەسەندن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادان كە مایەی نیگەرانییەكی گەورەن، پرسیارەكە ئەوەیە ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە بارودۆخێكی یەكجار ئاڵۆز لە ئارادایە لەم ناوچەیەدا، ئەوەی پەیوەندی بە شەڕی دژ بە داعشەوە هەبێت، ئەوا ئەم هەڵمەت و شەڕە بە رادەیەكی گەورە سەركەوتنی بەدەست هێناوە لە رزگاركردنی ئەو خاكەی لەژێر دەستی داعشدا بوو كە ئێستا ئەو رێكخراوە لە چەند ناوچەیەكی كەمدا ماونەتەوە. بەڵام ئەو بەرەوپێشچوونەش چەند دژواری و دژیەكییەكی بە دوای خۆیدا هێنا لەنێوان سەرجەم هێزە دەرەكی و هێزە مەحەلییەكانی هەردوو وڵاتی عێراق و سووریا. بۆ نموونە تۆ بڕوانە هەڵوێستی حكومەتی توركیا كە رایگەیاندووە رازی نابێت بە بوونی ئەوەی پێی دەڵێن هێزەكانی سنووری سووریا، لەبەر ئەوەی كوردی ئەو وڵاتە لەنێو پێكهاتەی ئەو هێزەدان- كە ئەمریكاش پشتیوانی لێدەكات، توركیاش كوردی ئەو وڵاتە بە هاوپەیمانی پەكەكە دەزانێت. هەروەها ئێمە دەزانین كە رووسیا و ئێرانیش لەلایەكی دیكەوە بە پەرۆشن بۆ ئەوەی بەرهەمی دەستتێوەردانەكەیان لە سووریا -كە بۆ پاڵپشتیكردن بوو لە رژێمەكەی ئەسەد- بچننەوە، كەواتە ئەگەرچی هەڵمەتە سەربازییەكە بە رادەیەكی بەرچاو كەمبۆتەوە-كە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت كە شەڕی ناوخۆیی سووریا كۆتایی هاتووە-، بەڵام دەبینین لەسەر چەندین ئاست چەندین ناكۆكی و ململانێی دیكە سەریانهەڵداوە و هاتوونەتەئاراوە كە ئەو پەرەسەندنانەش بە چەشنێكن كە ناتوانرێت پێشبینی ئاقار و ئاكامەكانیان بكرێت. هەروەها دەتوانین لەم رووەوە ئاماژە بە هەوڵەكانی سعودیە و ئیمارات و هاوپەیمانەكانی بدەین لە دژی ئێران و هاوپەیمانەكانی، هەموو ئەوانەش لە پێناوی ئەوەی پێگەی باڵادەستی لە ناوچەكەدا بەدەست بهێنن. كە دەبینین وڵاتانی وەك قەتەر و یەمەن رووبەڕووی دەرهاویشتە و دەرئەنجامەكانی ئەم ململانێیە بوونەتەوە، بەتایبەتی یەمەن كە بە ملیۆنەها كەس دووچاری برسێتی بوونەتەوە و دەستیان بە چاودێریی تەندروستی راناگات و ئەمەش دۆخێكی كارەساتباری دروست كردووە، كە دیار نییە ئەم دۆخەش لە ئایندەیەكی نزیكدا بەرەو چارەسەر بڕوات. كەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە ناوچەیەكە كە رووبەڕووی چەندین كێشەی دژوار بۆتەوە، وەك پرسی توانا و قابیلیەتی دەوڵەت و پرسی ئەوەی چۆن دووبارە وڵاتەكە ئاوەدان بكرێتەوە، بەتایبەتی لە سووریا، كە هێشتا شەڕی ناوخۆیی تێدا بەردەوامە. لەگەڵ بوونی هێزە دابەشكار و وێرانكارەكانی نێودەوڵەتەكاندا، بە هەمان شێوە ئەو ململانێی و ركابەرییەی كە دەكرێت لە پێناوی بەدەستهێنانی باڵادەستی لە ناوچەكەدا.

**رۆژگارێكی دژوار و ئازاربەخش لەبەردەم بەشێكی زۆری خەڵكی ناوچەكەدایە و تەنانەت هەندێ وڵاتی ناوچەكەش كە لە رواڵەتدا سەقامگیرن، وەك ئێران و سعودیە، گیرۆدەی دەستی دژیەكین و بەشێكی لە خەڵكی وڵاتەكەیان خوازیاری گۆڕانكارین و نارەزاین لەو بارودۆخەی لە ئارادایە، لەبەر ئەوە ئەگەری رووداوی نارەزاییەتی دەربڕینی جۆراوجۆر هەیە**

*** باشە چۆن لە سیاسەت و هەڵوێستی ئەمریكا دەڕوانیت لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟ ئایا پێتوایە ئەمریكا رۆڵێكی ئیجابی هەبووە لەم ناوچەیەدا، یاخود وەك پێویست رۆڵ و بەرپرسیارێتیی خۆی ئەدا نەكردووە وەك هێزێكی جیهانی؟**

- لە راستیدا دەتوانین بڵێین هیچ كاتێك ئەمریكا هێندەی ئێستا هێزێكی لاواز نەبووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش لە بەشێكیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە سەرۆك ترەمپ خوازیاری ئەوە نییە رۆڵێكی چالاكی هەبێت، هەروەها بەشێكی دیكەی پەیوەستە بەوەی ئیدارەی ترەمپ تیشكی سەوزی هەڵكردووە بۆ سعودیە و بۆ محەمەد بن سەلمان و هاوپەیمانەكانی بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆیان بگرنەبەر لە ناوچەكەدا كە ئەمەش رەنگە سەربكێشێت بۆ كارەسات. بە هەمان شێوە بەشێكی دیكەی پەیوەستە بە داكشانی هەژمونی سیاسی و ئابووریی و سەربازی ئەمریكاوە لەم ناوچەیە و لە جیهانیشدا. كەواتە بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەمە ساتەوەختێكی زۆر دژوارە كە ناوچەكەی پێدا تێدەپەڕێ و هیچ روون نییە رەوتی پەرەسەندنەكانی بە چ ئاڕاستە و ئاقارێكدا دەڕۆن.

*** كەواتە ئەگەر ناسەقامگیری و نادڵنیایی و ناڕوونییەكی زۆر هەبێت لەم ناوچەیەدا، ئایا دەكرێت بڵێین ئەم ناوچەیە بۆ رۆژگارێكی دوورودرێژ گیرۆدەی نائارامی و ناجێگیری دەبێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەگەری ئەوە هەیە، چونكە رەنگە چەندین ساڵ و بگرە چەندین دەیەی دیكە ئینجا نەخشە و هاوكێشەی سیاسییەكە روون ببێتەوە. من نیگەرانم لەوەی كە خوێنڕێژیی زیاتر و ئێش و ئازاری زیاتر بەرۆكی ئەم ناوچەیە بگرنەوە. لە وڵاتێكی وەك سووریا بڕوانە، خۆ ئەگەر بێتو رژێمی ئەسەد دوژمنەكانیشی لە ناو

ببات، ئایا چۆن ئەو وڵاتە جارێکی دیکە بنیاد دەنرێتەوە؟ ئایا پرسی ئاوارەکانی و گەڕانەوەیان چۆن چارەسەر دەکرێت؟ هەمان شت بۆ عێراقیش راستە. هەروەها وڵاتی یەمەن کە دۆخەکە بە چەشنێکە کە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کەی هەوڵێکی لەم چەشنە لەو وڵاتەدا دەخرێتە گەڕ، واتە تەنانەت گومان لە درێژەکێشانی دەوڵەتەکە دەکرێت لەو وڵاتەدا. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە باس لە کێشە و ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بکەین، ئەوا دەبینین کە هیچ بەرەوپێشچوونێك لە رەوشەکەدا نەهاتۆتەئاراوە، نەك هەر ئەوە، بگرە پێشبینی تەقینەوەی دۆخەکەش دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە کێشەی کوردیش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و ئەوەندەی من ئاگادار بم دۆخێکی دژوار لە کوردستاندا هەیە. کەواتە بەڵێ، پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم ناوچەیە گیرۆدەی رۆژگارێکی دوورودرێژی ناسەقامگیری و نائارامی ببێتەوە.

*** بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە بۆچی ئەم ناوچەیە هێندە گیرۆدەی دژواری و تەحەددییە قورسەکانە کە ناتوانێت بەرەو گەشەکردن و ئاشتییەکی درێژخایەن هەنگاو هەڵبگرێت ؟**

- دەکرێت ئاماژە بە شەڕ و ناکۆکییە توندوتیژەکانی هەشت ساڵی رابردوو بکەین، بەڵام ئەو شەڕ و ناکۆکییانەش زادە و دەرهاویشتەی دیکتاتۆریەت و خۆسەپێنیی چەندین دەیە بوون، دەرئەنجامی شکستهێنانی دەوڵەت بوون لە ئەداکردنی رۆڵی خۆیان، لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و لە دابینکردنی هەلی کار و زامنکردنی سیستمێکی پەروەردەیی باش. هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعەی کە نزیکەی سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەکە لەلایەن نوخبەیەکی بچووکی حوکمڕانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێن و تەنیا کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن و شکستیان هێناوە لە دەستەبەرکردنی پێداویستیی هاووڵاتییەکانی وڵاتەکەیاندا، لەوەش خراپتر سیاسەتێکی ئابوورییان پیادەکرد کە بووە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان بێدەرامەت و هەژار بن. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی دۆخێك دروست بێت کە بەشێك لە گەنجانی ئەم وڵاتە رووبکەنە هێزە رادیکاڵەکان، وەك داعش و ئەلقاعیدە و رێکخراوە مەحەلییەکانی سەر بەم رەوتە، واتە لەبەر ئەوەی ئەم گەنجانە ئایندەیەکی هیوابەخش لە ئاسۆدا بەدی ناکەن.

هەروەها لەبەر چەندین هۆکاری جۆراوجۆر هەندێ لە رژێمەکان دەستیان دایە تایفەگەرییەك کە ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ پێش ئێستا وێنای نەدەکرا. واتە راستە لەسەر چەندین ئاست ناکۆکی هەبوو، بەڵام بەکارهێنانی مەبەستداری دەوڵەت و گروپە سیاسییەکان بۆ پرسی تایفەگەری لەم ساڵانەی دواییدا پێشینەی نەبووە و دەرئەنجامی کارەساتباری لێکەوتۆتەوە، وەك کۆمەڵکوژی و پاکتاوی رەگەزی. لەبەرئەوە تێپەڕبوون و دەربازکردنی ئەم دۆخە بێ ئەندازە زەحمەتە و زاڵبوون بەسەریاندا چەندین ساڵ و چەندین دەیەی دەوێت لە غیابی دیموکراسی و لە غیابی ئەو هێزانەدا کە پشتیوانی لە دەستەبەرکردنی دیدگایەکی جیاواز بکەن بۆ کۆمەڵگەکە، کە پاڵپشتی لە هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی لێبووردە بکەن کە رێز لە جیاوازییە ئایینی و ئیتنییەکان بگرێت.

*** بەڵام هەست ناکەن کە کێشەی سەرەکیی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە تا ئێستا مۆدێلێکی سەرکەوتووی حوکمڕانی دروست نەبووە کە ببێتە سەرمەشقی وڵاتانی ناوچەکە، چونکە وەك دەزانین لە ئێستادا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەیەکی شکستخواردوو، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا من وەك کەسێکی دەرەکی ناتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە ئایا مۆدێلی سەرکەوتووی حوکمڕانی چییە بۆ ئەو ناوچەیە، چونکە دەبێت چارەسەرەکە لە خودی ناوچەکە خۆیەوە سەرچاوە بگرێت. کە ئێمە ئومێد دەکەین ئەمە بێتەدی، چونکە ئێمە ئەو وزە و گوڕ و تینەمان بینی کە لە بەهاری عەرەبیدا بەرجەستە بوو لە وڵاتانی تونس و میسر و لە سەرەتادا لە سووریاشدا، کە هەموو ئەوانە ئەوەیان خستەڕوو کە گەلانی ئەم وڵاتانە بەتایبەتی گەنجان روانگەیەکی جیاوازیان هەیە بۆ ئایندەی وڵاتەکەیان. بەڵام بە داخەوە بە رادەیەکی گەورە تێکشکێنران. ئەوە بوو کە رژێمەکانی پێشوو دووبارە دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندەوە، بەڵام ئەم رژێمانەش ناتوانن لە مەودای دووردا لە ئاست ئومێدی گەلەکانیاندا بن و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکانیان نییە- کە ئەمەش هەر لە بنەڕەتدا هۆکاری ئەو راپەڕینانە بوون کە روویاندا- تەنانەت ئەگەر لە ئێستادا بتوانن لە رێی توندوتیژییەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان

**باوەڕم وانییە کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران ببنەهۆی ئەوەی ئێران دەست هەڵگرێت لە سیاسەتی برەوپێدان و پاراستنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا. ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، بە تایبەتی کە بزانین تێڕوانین و دیدگای سەرکردەکانی ئێران ئەوەیە کە دەبێت هاوپەیمانیان هەبێت لە ناوچەکەدا و پێیانوایە ئەوەندەی دەکرێت دەبێت کار بۆ بەرەوپێشبردنی دەستڕۆیشتوویی خۆیان بکەن**

بدەن. من نازانم رەوشەکە و رەوتی رووداوەکان بەرەو کوێ دەچن، بەڵام دەزانم بەشێکی زۆری گەلانی ناوچەکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت رەوشەکە بگۆڕێت و ئەوان پابەندن بە بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتییەوە. بەڵام دڵنیام ئەوان کار و کۆششێکی ئازاربەخشیان لە پێشە بۆ ئەوەی یەکلای بکەنەوە ئایا چۆن بتوانن خۆیان رزگار بکەن لەم رژێمانە و چۆن بتوانن مۆدێلێکی سەرکەوتوو بنیاد بنێن. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەم هێزانە لە سیاقێکی جیهانیی دژواردا هەڵدەسووڕێن. چونکە تەنانەت بۆ وڵاتێکی وەك تونس کە پاڵپشتی دەرەکی کاریگەری یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراسی ئەو وڵاتە سەرکەوتوو بێت، دەبینین هێزە ئەوروپییەکان و هێزەکانی دیکە پشتیوانی بۆ دەستەبەر ناکەن، چونکە خۆشیان رێکاری توندی ئابووریيان لە وڵاتەکانیان گرتۆتەبەر. کەواتە ئەم هەلومەرجە بۆتەهۆی ئەوەی کە کارکردن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست و بۆ هێنانەدی بەرەوپێشچوون، سەخت و دژوار بێت. کەواتە من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم رووداوەکان بەرەو کوێ دەچن، یاخود چ مودێلێکی حوکمڕانی سەرهەڵدەدات، بەڵام زۆر کەس سەرگەرم و سەرقاڵی ئەم پرسەیە و هیوادارم ئەو گەنجانەی دەیانەوێت بەم ئاراستەیەدا کار بکەن، بگەنە دەرئەنجامێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگەکەیان.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە یەکێك لە وەڵامەکانتدا باست لەوە کرد کە هۆکارێکی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ناوچەکە کەمبوونەوەی دەسترۆیشتوویی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، ئایا داوای ئەوە دەکەیت کە دەبێت ئەمریکا رۆڵێکی بەهێز و بنیادنەری لەم ناوچەیەدا هەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بەشداربوون و رۆڵبینینی بنیادنەرانەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا یارمەتیدەر دەبێت، بەڵام وەك وتم رۆڵبینینێکی بنیادنەر، واتە نەك چەشنی ئەوەی لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا بینیمان، کە بینیمان پشتیوانی رژێمە دواکەوتوو و سەرکوتکارەکانی دەکرد و ئەو رژێمانەی دژ بە یەکتر بەکار دەهێنا، هەموو ئەوانەش بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە دەکران. بەڵام ئەمە سەریکێشا بۆ کارەسات، ئەوە بوو هێزە دواکەوتوو و سەرکوتکارەکان پێگە و پایەی خۆیان تۆکمە کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من نابینم ئەم رۆڵبینینە ئەرێنییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بێتەدی، ئەگەرچی ئێستا لە ئەمریکادا کەسانێك هەن کە پێیانوایە دەبێت گۆڕانکارییەك بێتەئاراوە لەم رووەوە، مەبەستم ئەوەیە تێگەیشتنێك هەیە لەبارەی ئەوەی کە چەندین کێشە هەن لە ناوچەکەدا، وەك کێشەی فەلەستین، کە ناکرێت چارەسەر بکرێن بەبێ بەشداری و رۆڵی ئەرێنی ئەمریکا، وەك دەستەبەرکردنی پشتیوانی ئابووریی و وەك پابەندبوونێکی تۆکمە بە پرسی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە. بەڵام دەتوانین بڵێین لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ئێمە رێگایەکی دوورودرێژمان لە پێشە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەمە بۆ ئیدارەی هیلاریش هەر راست دەبوو. کەواتە ئەم مشتومڕەش هەیە لە ناو ئەمریکادا کە پەیوەستە بە ئایندەی ئەم ناوچەیەوە.

*** بەم دواییە ئێران خۆپیشاندانی گەورەی بە خۆوە بینی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێران ناچار نایێت سەرقاڵ بێت بە کێشە ناوخۆییەکانی و ئایا دەتوانێت وەك رابردوو لە ناوچەکەدا برەو بە دەسترۆیشتوویی خۆی بدات؟**

- لە راستیدا من باوەڕم وانییە کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران ببنەهۆی ئەوەی ئێران دەست هەڵگرێت لە سیاسەتی برەوپێدان و پاراستنی دەسترۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا. ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، بە تایبەتی کە بزانین تێڕوانین و دیدگای سەرکردەکانی ئێران ئەوەیە کە دەبێت هاوپەیمانیان هەبێت لە ناوچەکەدا و پێیانوایە ئەوەندەی دەکرێت دەبێت کار بۆ بەرەوپێشبردنی دەسترۆیشتوویی خۆیان بکەن. واتە راستە مشتومڕێکی بەردەوام دەکرێت لە نێو سەرکردایەتیی ئێراندا لەبارەی ئەوەی چۆن سەرچاوەکان تەرخان بکرێت و چەندی بۆ پرسە ناوخۆییەکان و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکە و چەندی بۆ هەوڵە ئیقلیمییەکانی تەرخان بکرێت. هەرچەندە بەلای هەندێ لە سەرکردەکانی ئێرانییەوە ئەم جیاکردنەوەیە لە جێی خۆیدا نییە، واتە پێیانوایە بەلەبەرچاوگرتنی نرخی نەوت لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە باوەڕیان وایە تاوەکو سزاکان بەردەوام بن، ئەوا هیچ بەدیلێکی واقیعی نییە بۆ هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرفراوانکردنی دەسترۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا. دواتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێران رکابەرێکی هەیە کە سیاسەتێکی ئیقلیمی

**بەشێکی زۆری گەلانی ناوچەکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت رەوشەکە بگۆڕێت و ئەوان پابەندن بە بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتییەوە. بەڵام دڵنیام ئەوان کار و کۆششێکی ئازاربەخشیان لە پێشە بۆ ئەوەی یەکلای بکەنەوە ئایا چۆن بتوانن خۆیان رزگار بکەن لەم رژێمانە و چۆن بتوانن مۆدێلێکی سەرکەوتوو بنیاد بنێن**

چالاکی گرتۆتەبەر لە جیهانی ئیسلامیدا، لەبەر ئەوە من پێموایە مشتومڕەکە لە ناو ئێراندا ئەوەیە کە ئەوان ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نییە و هەر دەبێت بەشێك لە سەرچاوەکەیان بۆ ئەو ئەرکە (برەودان بە دەسترۆیشتوویی ئیقلیمی) تەرخان بکەن، لە هەمان کاتدا هەڵبستن بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرە ئێرانییانەی کە خوازیاری ژیانێکی باشتر و ئابووریەکی باشترن و ڕەخنە لە سەرکوتکارییەکانی ڕژێمەکە دەگرن و ڕەخنە لەو سنووربەندییانە دەگرن کە دەخرێنەبەردەم ژیانی تاکەکەسەکانەوە.

*** بەڵام ئایا پێتوایە ئەم خۆپیشاندانانە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر هاوسەنگی هێز لە نێوان سعودیە و ئێراندا، لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە کە دەبێت ئێران پتر بایەخ بە ناوخۆیی وڵاتەکەی بدات و کەمتر دەپەرژێتەسەر پرسە ناوچەییەکان؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمە بەم زووانە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ئاشکرایە بەم دواییە سعودیە سیاسەتێکی سەختگیرتری گرتۆتەبەر و محەمەد بن سەلمان، وەك شازادەی جێنیشین هەوڵی پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئەویش سیاسەتێکی سەختگیرانە پیادە دەکات لە ناوچەکەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی خۆی پێی دەڵێت هەڕەشەی ئێران. ئەوەی لە یەمەندا ڕوویدا، ڕووداوێکی بێ پێشینە بوو بۆ سعودیە کە بە هاوکاری ئیمارات و چەند لایەنێکی دیکە دەستێوەردانی سەربازی لەو وڵاتەدا کرد بە پاساوی بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی ئێران، ئەمە لە کاتێکدا من دڵنیانیم لەوەی پێش دەستێوەردانی سعودیە بەڵگەی بەهێز هەبووبێت لەسەر دەستێوەردانی ئێران لەو وڵاتەدا، واتە پێموایە ئەمە تەنیا بیانوویەك بوو. هەروەها سعودیە هاوکاری و پاڵپشتی چەند لایەنێکی نێو سووریای کردووە، ئەمەش سیاسەتێکی درێژخایەنی سعودیە بووە کە داهاتی نەوتی بەکارهێناوە بۆ برەودان بە کاریگەری و دەسترۆیشتوویی خۆی لە جیهانی ئیسلامی و ناوچەکەدا. بەڵام ترسی ئەوەش هەیە کە هەوڵەکانی محەمەد بن سەلمان -کە بە بانگەشەی خۆی بۆ چاکسازییە لە بونیادی ناوخۆدا- ببێتەهۆی هێنانەئارای ناسەقامگیری لە نێو خانەوادای ئال سعود لە مەودای دووردا. بەڵام ئێمە نازانین پەرەسەندنەکانی بە چ ئاڕاستەیەکدا دەبن، چونکە دۆخەکە ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی دەتوانین بیڵێین درێژەکێشان و بەردەوامبوونی ڕکابەریی نێوان سعودیە و ئێرانە، کە دوو وڵاتی گەورە و خاوەن سەرچاوەن و جێی داخە لەم ڕکابەرییەدا- بەتایبەتی لەلایەن سعودیەوە- پرسی تایفەگەری دەورووژێندرێت و بەکار دەهێنرێت، لەگەڵ دەرهاویشتەکانی دیکەدا، وەك ئەوەی لە یەمەندا بەدی دەکەین کە کارەساتێکی مرۆیی خوڵقاوە لەو وڵاتەدا، هەروەها ئەو ڕەوشەی لە سووریادا بەدی دەکەین، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە یەمەن وڵاتێکی هەژارترە و خەڵکەکەش شوێنێکیان نییە پەنای بۆ ببەن.

*** پێشبینیەکانت بۆ داهاتووی ئەم ناوچەیە چین؟**

- من خۆزگەم دەخواست پتر گەشبین بوومایە، بەڵام پێموایە بەلای کەمەوە لە ئایندەی نزیکدا ناوچەکە ناکۆکی زیاتر بە خۆوە دەبینێت، چونکە ئەگەرچی لە ئێستادا داعش وەك قەوارەیەکی سیاسی -کە خاکێکی زۆری لە ژێر دەستدا بوو- بوونی نەماوە، بەڵام کاریگەرییەکەی هەر درێژەی دەبێت و هەندێ لە چەکدارەکانی ڕوودەکەنە شوێنی دیکە و بەردەوام دەبن لە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی. دواتر ئێمە دەزانین بەشێك لە عێراق و نزیکەی تێکڕای وڵاتی سووریا دووچاری کاولکاری و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە و ئەمەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەبێت لەساڵانی داهاتوودا، هەروەها چەندین ناکۆکیی دیکە هەن کە بۆ چەندین ساڵی دیکە درێژە دەکێشن و بەردەوام دەبن. کەواتە بە داخەوە ڕۆژگارێکی دژوار و ئازاربەخش لەبەردەم بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکەدایە و تەنانەت هەندێ وڵاتی ناوچەکەش کە لە ڕواڵەتدا سەقامگیرن، وەك ئێران و سعودیە، گیرۆدەی دەستی دژیەکین و بەشێکی لە خەڵکی وڵاتەکەیان خوازیاری گۆڕانکارین و نارەزاین لەو بارودۆخەی لە ئارادایە، لەبەر ئەوە ئەگەری ڕوودانی نارەزاییەتی دەربڕینی جۆراوجۆر هەیە لەم وڵاتانەشدا. لە وڵاتی میسریشدا کە ڕژێمی سەربازی ناتوانێت کێشە بنەڕەتییەکانی ئەو وڵاتە چارەسەر بکات، کە هەموو ئەوانە ئاماژەن بە ناکۆکییەکی بەردەوام کە لە کۆتاییدا خەڵکی دێنەوە سەر شەقام و داوای گۆڕانکاری دەکەن و داوای چارەسەری هەندێ لە کێشەکانیان دەکەن.

**هیچ کاتێک ئەمریکا هێندەی ئێستا هێزێکی لاواز نەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش لە بەشێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرۆک ترەمپ خوازیاری ئەوە نییە ڕۆڵێکی چالاکی هەبێت**



# دوای نەمانی متمانە
# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی ترەمپدا



نووسینی: کیرین یاری- میلۆ*



«بڕوام پێبکەن!»، ئەمە ئەو دەستەواژەیەیە کە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا چەندین جار بەکاریهێناوەو دووبارەی کردۆتەوە، هەر بۆ نموونە، کاتێك باسی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی دەکرد، دەیگوت: «من زۆر زیاتر لە ژەنراڵەکان سەبارەت بە داعش دەزانم.. بڕوام پێبکەن.» سەبارەت بە دروستکردنی دیوار لە نێوان ئەمریکاو مەکسیك دەیگوت: «بڕوام پێبکەن، بە هەر ڕێگەیەك بێت، ئەو دیوارە هەر دروست دەکەم.» دەربارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەش لەگەڵ ئێران دیسان دەیگوت: «بڕوام پێبکەن.. بڕوام پێکەن، ئەو ڕێککەوتنە زۆر زۆر خراپە.»

ترەمپ دەیویسیت لە میانەی قسەکانیەوە، ڕاستییەکان بزانین، بەڵام ئەو ڕاپرسییانەی لەناو ڕای گشتی ئەنجامدراون، ئەوە پیشاندەدەن کە دوو لەسەرسێ، یان سێ لەسەر چواری هاووڵاتیانی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە قسەکانی ترەمپ جێگەی بڕوا نین. هەروەها دیمەنەکە لەسەر ئاستی جیهانیش لەمە باشتر نییە. بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نەریتی ئەمریکا وەك (ئوستورالیا، فەرەنسا ، ئەڵمانیا، مەکسیك، کۆریای باشوور و بەریتانیا) ئەوانیش دەڵێن متمانەمان بە قسەکانی سەرۆکی ئەمریکا نییە.

بەدیوێکی دیکەدا ئەمە مانای ئەوەیە ترەمپ بەدەست بۆشایی نەبوونی متمانەوە دەناڵێنێت، بەپێی وتارێکی نیویۆرك تایمز، ترەمپ لەماوەی ٤٠ ڕۆژی یەکەمی دەست بەکاربوونی وەك سەرۆکی ئەمریکا چەند شتێکی وتووە کە ڕاست نەبوون، هەر بۆیە ئەم قسە ناڕاستانەی ترەمپ گومانی خستۆتە سەر بەشێك لە پابەندبوونە گرنگ و دێرینەکانی ئەمریکا، وەك پشتگیری بۆ هاوپەیمانی ناتۆ، کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ترەمپ ڕایگەیاند (سەردەمی بەسەرچووە)، بەڵام لە نیسانی ٢٠١٧ جارێکی دیکە ڕایگەیاند کە هاوپەیمانی ئەتڵەسی (سەردەمی بەسەر نەچووە)، هەربۆیە ئەم جۆرە بانگەشەیانە سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسی، بۆتە هۆکاری ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا هەوڵەکانی ئەندامانی ئیدارەکەی پەك بخات و پاشەکشە لە ڕێککەوتنی دیپلۆماتی بێتەئاراوە، لە ناویاندا ڕێککەوتنی پاریس سەبارەت بە کەش و هەواو و هەروەها ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا.

ڕاستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنیا لە قسەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە متمانە وەرناگرێت، بەڵام ڕەفتارەکانی ترەمپ دەرهاویشتەی خراپی بەسەر ئەو متمانەیەدا هێناوە، هەربۆیە کاتێك سەرۆك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە متمانە نەهێڵێت، ئەوا هاوپەیمانەکانیشی سەبارەت بە بەڵێنەکانی ئەمریکا دوودڵ دەبن و متمانەی پێناکەن، بەمەش هەڕەشەکانی ئەمریکا هێزی خۆی لەدەست دەدات و مەترسییەکانی هەڵسەنگاندنی خراپ زیاتر دەبێت. ئەوجا بۆ ئەوەی عەزمی خۆی پیشان بداتەوە، ئەوا ئەمریکا پێویستی بەوە دەبێت کە ڕێوشوێنی زۆر قورس و گران وەربگرێت. سەرچاوەیەکی دیکەی متمانە و مسداقیەتی ئەمریکا، هێزی کاریگەری سوپای ئەمریکا و بڕوابوونە بەشێوەیەکی گشتی بە دامەزراوەکانی ئەمریکا، ئەم دوو لایەنەش بەهۆی ترەمپەوە زیانی زۆریان پێگەیشتووە، بەڵام هیچ بەدیلێك بۆ سەرۆك نییە و تا ئێستاش قسەکانی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانن.

### ● شکۆکەت پێش خۆت دەکەوێت

تۆماس شلینگ وەرگری خەڵاتی نۆبل و ستراتیژزانی ئەتۆمی، جارێکیان نووسیبووی: «ناو و ناوبانگ یەکێکە لەو شتە کەمانەی کە شایەنی ئەوەیە شەڕی لەسەر بکرێت.»

لە بەشی زۆری ساڵانی سەدەی بیستەمدا، سیاسەتسازانان لەو بڕوایەدا بوون کە بوونی متمانە و مسداقیەت بە سیاسەتەکانیان، پێویستییەکە بۆ ئەوەی هەڕەشەکان بە یەك ئاست وەك یەك بۆ دۆست و نەیارەکانمان جێگەی متمانەپێکردن بن و، دەبێت لەو بڕوایەدا بن کە ئەمریکا ڕاستگۆیە لەسەر پابەندبوونەکانی. هەر بۆ نموونە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ئەمریکا چووە ناو شەڕی کۆریا، بەشێکی ئەم بڕیارە لەبەر ئەوە بوو، کە ئەمریکا بیسەلمێنێت بەوەی دەیەوێت ڕووبەڕووی یەکێتی سۆڤیەت ببێتەوە. بەهەمان شێوە و هەر لەبەرخاتری پاراستنی شکۆی ئەمریکا، سیاسەتسازانانی ئەمریکا سەبارەت بە هێزەکانی ئەمریکا لە

■

کەمبوونەوەی متمانە بە پارێزگاریکردن لە لایەن ئەمریکاوە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن (وەک ئەوەی ترەمپ خواستی بوو) بەڵام لە هەمانکاتدا لەوانەیە ببێتە هاندەر بۆ نەیارانی ئەمریکا کە زیاتر هێزی خۆیان تاقی بکەنەوە

■

کاتێک ئاماژەکانی شکۆی سەرۆک لەبەریەک تەسک دەبنەوە، ئەوا دیسان ئەمریکا پێویستی بەوەیە بە جددی کاربکات بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی بگەیەنەتەوە قەناعەت کە پابەندی پابەندبوونەکانی دەبێت، بەڵام هاوپەیمانەکانی واشنتۆن لەوانەیە داوای پیشاندانی کۆنکرێتی زیاتر بکەن، بەوەی گەرەنتیی ئاسایشی ئەمریکا وەک خۆیەتی

ڤێتنام گەیشتنە ئەوەی بڵێن ئەمریکا ئەو شەڕەی دۆڕاندووە. لە قۆناخی دوای شەڕی ساردیشدا بەشی هەرە زۆری سەرکردەکانی ئەمریکا پارێزگاریکردن بە متمانەو مسداقیەتی ئەمریکایان بە پێویستییەکی گرنگ دەزانی بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی هاوپەیمانیی ئەمریکا لەگەڵ سیستمی لیبراڵی دوای شەڕەکە. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە ڕۆڵی گێڕا لە دەستتێوەردانی ئەمریکا لە هایتی و کۆسۆڤۆ و عێراق، بێگومان هەر یەك لەم کەیسانە هۆکاری لۆژیکی خۆی بۆ دەستتێوەردان و هەروەها ئاکامەکەشی هەبووە، بەڵام لەهەر حاڵەتێکدا، سەرکردەکان پشتگیری ئەوەیان دەکرد کە قسەو کردارەکانیان وەك یەك بێت.

لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، متمانەی کارەکتەر بەندە بە شکۆکەیەوە، ئەم دیاردەیە، یان ئەم وەسفە، لەلایەن زانایانی سیاسییەوە بەشێوەیەکی گشتی کراوە بە دوو بەشەوە، هەروەك ڕۆبەرت جیرفیس پێی دەڵێت: (ئاماژەکانی شکۆ)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تۆماری ئەو لایەنەی کە هەڕەشەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و بەتەواوەتی پابەندی بەڵێنەکانی خۆی دەبێت.

لەلایەکی دیکە (شکۆی گشتی) ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك سیفەتی فراوان، وەك ئەوەی ئایا ئەو کاراکتەرە هاوکار و دڵسۆزە، ئەم دوو شێوازەی شکۆ، هەر یەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان هەیە، هەر بۆ نموونە ئەو زیانانەی بەر ئاماژەکانی شکۆی دەوڵەت (states signal-ing reputation) دەکەوێت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە شکۆی گشتیی دەوڵەت بپووکێتەوە, سەبارەت بەوەی کە ئەو دەوڵەتە شایەنی ئەوە نییە متمانەی پێبکرێت. ئەمە لەکاتێکدا شکۆی گشتیی دەوڵەت دەبێت دیسان شتێکی دیار و جیاکراوە بێت، هەر بۆ نموونە پێش شەڕی کۆریا، ئەمریکا هیچ پابەندبوونێکی تایبەتی بەرامبەر کۆریای باشوور پێشکەش نەکرد، بەڵام کاتێك دەستتێوەردانی لەشەڕی کۆریا هەڵبژارد، ئەوا ئەمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر (ئاماژەکانی شکۆ)ی ئەمریکا نەکرد، بەڵکو ئەو کارەی بووە هاوکار بۆ ئەوەی شکۆی گشتیی ئەمریکا چارەسەر بۆ بارودۆخەکە بدۆزێتەوە.

هەروەها لەوانەیە کۆنتێکستی حاڵەتەکەش کاریگەری لەسەر متمانە هەبێت، هەر بۆ نموونە، بەوجۆرە سەیری متمانەی سەرۆك ناکرێت، کاتێك گەرەنتی بۆ هاوپەیمانەکەی پێشکەش دەکات، بەڵکو ئەو کاتە ئیعتوبار بۆ متمانەی سەرۆك دادەنرێت کە هەڕەشەیەکی سەربازی دەکات و هەڕەشەکەی جێبەجێ دەکات، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆش سەیری متمانەی سەرۆك دەکرێت، بەتایبەتی لەبواری ئابووری کۆمەڵایەتیدا نەك تەنیا لەسیاسەتی دەرەوەدا.

لە هەندێك حاڵەتدا متمانەی سەرۆك لە ناوخۆی وڵات کاریگەری لەسەر متمانەی دەرەوەش دەبێت, هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨١ ڕۆناڵد ریگان هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێکرد و زیاتر لە ١١ هەزار کارمەندی دامەزراوەی کۆنترۆڵی هاتوچۆی ئاسمانی دوورخستەوە، پاش ئەوەی مانیان گرتبوو و یاسای فیدراڵیان پێشێل کردبوو، سەبارەت بەم هەڵوێستە، ژمارەیەك لە سیاسەتسازانان لە ناویاندا جۆرج شۆلتز کە ساڵی دواتر واتە (١٩٨٢) بووە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها تیب ئۆنیل سەرۆکی کۆنگرێس، پێیانوابوو ئەم هەنگاوە ئاکامێکی گەورەی بووە ئەگەر مەبەستیشی نەبووبێت، ئەویش ئەوە بوو کە سۆڤیەت بزانێت ریگان هەڵنا خەڵەتێ.

بەشێك لە توێژەران بە گومانن لەوەی کە (شکۆ) پرسێکی ئەوتۆ بێت، لەمبارەوە داریل پریس پسپۆڕی زانستی سیاسەت جەخت لەوە دەکاتەوە کە متمانە هیچ پەیوەندییەکی بە تۆماری متمانەی سەرکردەوە نییە بۆ جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی، لەبری ئەمە نەیاران هەڵسەنگاندن لەسەر تواناکانی هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندییەکان دەکەن. دارێل پریس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە تەنگژەی ڕۆکێتەکانی کوبادا (تەنگژەی کەنداوی بەرازان)، ئەندامانی ئیدارەی کەنەدی هەڕەشەکانی نیکتا خرۆشۆفی سەرۆك وەزیرانی سۆڤیەتیان بەو پەڕی جددی دانابوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەی چەندین جار خرۆشۆف دوایین مۆڵەتی ڕەتکردبووە بەوەی هێزەکانی ڕۆژئاوا لە بەرلینی ڕۆژئاوا دەکشێنەوە.

بە بۆچوونی داریل پریس، متمانەی خرۆشۆف

**شکۆی زیان بەرکەوتوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بۆ ئەمریکا قورس بێت بە ڕێگەی دیپلۆماتیەتی هێز ئامانجەکانی بهێنێتەدی، پێشتر کە هەڕەشە و بەڵێنەکانی ئەمریکا کاریان کردووە، لەبەر ئەوە بووە کە مسداقیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە مەحەکی متمانەدابوون، بەڵام لەسایەی ترەمپ، ئەمریکا ناچار دەبێت پەنا بۆ هەندێک تاکتیکی ترسناک بەرێت، هەتا دووبارە عەزمی خۆی بسەلمێنێتەوە**

**کیلیان کۆنوای ڕاوێژکاری ترەمپ بە کەناڵی CNN ی ڕاگەیاندووە: دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە حوکم لە سەرۆک بدرێت بەوەی (چی لە دڵیەتی) نەک (ئەوەی لەدەمی دەردەچێ)، بۆ ئەمەش هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبنەوە بۆ ئەوەی بزانن (چی لەدڵی ترەمپدایە)، بۆیە زەحمەتە ئەم ڕێنماییە دڵنیایی تەواو بدات**

لە ئاماژەکانی شکۆوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو لە دیدوبۆچوونی واشنتۆن سەبارەت بە هاوسەنگی هێزی ئەتۆمی و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیێتەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەهەمان شێوە زانای سیاسەت جۆناسان میرسیر دەڵێت: لە رووی مێژووییەوە پاشگەزبوونەوە لە جێبەجێکردنی هەڕەشەکان، دەوڵەت بەرەو ئەوە نابات کە شکۆی بگۆڕێت بۆ لاوازی لە نێوان نەیارەکانیدا، هەروەها هەڵوێستی نەگۆڕیش نابێتە چارەسەر لە نێوان هاوپەیمانەکانیدا. هەربۆیە ئەو بەڵگە ئەزموونکراوانەی کە ئەو توێژەرانە کۆیان کردۆتەوە، گرنگن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بۆچوونەکانیان کۆدەنگیی زانستی لەسەر بێت.

هەر بۆ نموونە بەپێی بۆچوونەکانی هەردوو زانای سیاسەت (فرانك هارڤی و جۆن میلتۆن)، شکۆی دەوڵەت لە میانەی جێبەجێکردنی هەڕەشەکانەوە، ئاماژەیە بۆ هێزی زاڵی دەوڵەتەکە، دەکرێت فۆکس بخەینە سەر دەستتێوەردانەکانی بۆسنیا و کۆسۆڤۆ و عێراق، ئەوەی پیشاندراین کە نەیارانی ئەمریکا پەندیان لەم هەڵوێستەی ئەمریکا وەرگرت، سەبارەت بەوەی ئەمریکا چی دەڵێت و چۆن رەفتار دەکات لە بارودۆخە هاوشێوەکاندا، بەمەش مەزندەی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا چۆن لە حاڵەتی هاوشێوە رەفتار دەکات.

هەروەها لەمیانەی کارکردنم لەگەڵ زانای سیاسەت ئەلیکس وایسگەر ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، کە ئەو دەوڵەتانەی لە رابردوو لە هەڕەشەکانیان پاشگەز بوونەوە، زۆر نزیکە کە جارێکی دیکە رووبەڕووی تەحەددی ببنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی شکۆیەکی باشن بۆ چارەسەری کێشەکان، زۆر کەم رووبەڕووی پێکدادانی سەربازی دەبنەوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا توێژینەوەی دیکە ئەوەیان پشتراست کردۆتەوە، کە ئەو دەوڵەتانەی پابەندبوونی خۆیان بە هاوپەیمانی شکاندووە، ئەوا شکۆیان وەرچەرخاوە بۆ بێ متمانەیی پێی و هەروەها کەمتر متمانەپێکردن لە داهاتوودا. هەر بۆیە هەتا ئێستاش شکۆی باش، چوارچێوەیەکە بۆ کارکردن و یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرکەوتنی دیپلۆماتیەت.

### ● شکۆی خراپ

بۆ بەدبەختی، لەم ساڵانەی دواییدا شکۆی سەرۆکایەتی بەرەو پووکانەوە چووە، ترەمپ شایستەی زۆرێك سەرزەنشتە، بەڵام نەك هەمووی، ئاماژەکانی شکۆی ئەمریکا لە هاوینی ٢٠١٣وە روو لە داکشانن، دوای ئەوەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا هێڵی سووری باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکای سەبارەت بە چەکی کیمیایی بەزاند، لە ئابی ٢٠١٢ ئۆباما رایگەیاند کە کۆکردنەوەی هێزی زیاتر, یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەبێتە هۆکاری ئەوەی حیساباتی خۆی لەگەڵ سووریا بگۆڕێت، ئەمەش ئاماژەیەك بوو کە زۆرکەس بەو جۆرە لێکیاندایەوە کە ئەمە هەڕەشەیە بۆ ئەنجامدانی کارێکی سەربازی دژی رژێمی سووریا، بەڵام کاتێك لە ئابی ٢٠١٣ بەشار ئەسەد زنجیرەیەك هێرشی بە گازی سارین کردە سەر پێگەی یاخیبووان، بەوەش نزیکەی ١٤٠٠ هاووڵاتی سووریا کوژران، کەچی لەبری ئەوەی ئۆباما بە هێرشێکی سەربازی وەڵامی بداتەوە، لەگەڵ رووسیا رێککەوتنێکیان گرێ دا، بەوەی ئەسەد بەڵێنی ئەوەی داوە کە تەواوی جبەخانەکانی چەکی کیمیایی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ جیفری گۆلدبێرگ سەرنووسەری ئەتڵەنتیك، ئۆباما بەرگری لە بڕیارەکەی خۆی دەکرد و دەیگوت: بۆمببارانکردنی کەسێك بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت توانای ئەو بۆمببارانکردنەت هەیە، ئەمە بێجگە لە هۆکارێکی زۆر خراپ بۆ بەکارهێنانی هێز، شتێکی دیکە نییە, بەڵام ئەمە تەنیا پیشاندانێکی هەڵەی پاڵەوانانەیە کە بۆ شاردنەوە، یان پێچەوانە بوونەوەی هەڵوێستەکەی، وێڕای ئەمەش ژمارەیەکی کەمی شرۆڤەوانان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئۆباما هەڵەی لەسەر بنەمای شکۆ پیادە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك سەرۆك بەڵێنێك دەدات و پاشان شکست دەهێنێت لە جێبەجێکردنی، باجێکی گەورەی سیاسی و ستراتیژی دەدات. ئەمەش واتە ئەگەر ئۆباما توانای ئەوەی نییە هەڕەشەکەی جێبەجێ بکات، ئەوە باشترە هەر لەسەرەتاوە ئەو هەڕەشەی نەکردایە، هەربۆیە

**ئەوە دیاردەیەکی نەشاز نییە کە بیروبۆچوونەکانی سەرۆک لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە پۆستەکەیدا پێشبکەوێت، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە لە پرۆسەی فێربوونی ترەمپ ئەوەیە کە دیدوبۆچوونە تازەکانی بەهەمان شێوەی بیروبۆچوونە کۆنەکانی ماونەتەوە، وا دەرناکەوێت کە ئەم بیروبۆچوونانە دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بن، لەبری ئەمە وا دەردەکەون کە بە مەزاج بڕیاریان لەسەر درابێت، یان بۆچوونی کەسێکی دیکە بن، کە ئەو قسەیان بۆ دەکات، یا سەیری تۆڕێکی هەواڵ دەکات**

سەرەنجامیش هەوڵە دیپلۆماتییەکان سەرکەوتوو نەبوون و ئەسەدیش بەردەوام بوو لەبەرکارهێنانی چەکی کیمیایی.

بە چاوپۆشین لەوەی پشتگیری، یان دژی بڕیارەکەی ئۆباما بین بەوەی دەستێوەردانی بەهێزی لە سووریا نەکرد، بەڵام کۆمارییەکان و زۆرێك لە دیموکراتەکانیش لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو هێڵە سوورەی ئۆباما دایانبوو بۆ سووریا، زیانێکی گەورەی لە مسداقیەتی ئەمریکا دا . هەڵۆکانی ئیدارەی ئەمریکا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا شکۆ بۆ خۆی بگێڕێتەوە، دەبێت هەوڵبدات زیاتر ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەبێت، بەڵام ئەمە ڕۆشن نەبوو و لەوانەیە مەترسی بەدوادا بێت. هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی کە لە دوای ڕۆیشتنی ئۆباما چی پێویستە بۆ ئەوەی ریفۆرم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بکرێت؟ بێگومان ئەوەیە متمانە پێویستی بە راشکاوی هەیە نەك دوژمنکاری، سەرۆکی تازە دەبێت بە ڕێگەی پیشاندانی یەکگرتوویی ئەمریکا بۆ دڵنیایی و هەڕەشەکان، زیانەکانی سیاسەتی رابردووی دەرەوە کەم بکاتەوە. بەڵام لەبری ئەوە، ترەمپ لە میانەی پیشاندانی توندی، بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، لەوانەیە ئەم ئاراستە هەندێك سیمای ستراتیژی و هاندانی تێدا بێت، بەڵام متمانە و مسداقیەتی پووکاندەوە، هەروەها بە بۆمببارانکردنی سووریا و دووبارە خۆتیوەگلاندن لە ئەفغانستان و زیادکردنی گوشارەکانی لەسەر کۆریای باکوور، ترامپ توانی شکۆیەکی گشتی بەدەست بهێنێتەوە بەوەی دەتوانێت بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز بەشێك لە کێشەکان چارەسەر بکات. بەڵام دیسان تۆماری سەرۆك لە رووبەڕووبوونەوەی بەڵێنەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، هەروەها تویتە توندو هەڵەشەکانی و هەڕەشە زیاد لە پێویستەکانی بە ڕێگەی تویتەر، هەموو ئەمانە وایکردووە کە چاودێران بەشێوەیەکی جددی بە گومان بن بەرامبەر بە قسەکانی.

لیستی قسە هاودژەکانی دۆناڵد ترەمپ درێژە، پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ و پێش ئەوەی بچێتە کۆشکی سپی، ترەمپ بە تەلەفون لەگەڵ تسای ئینگ



**لە ساڵی ١٩٨١ رۆناڵد ریگان هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێکرد و زیاتر لە ١١ هەزار کارمەندی دامەزراوەی کۆنترۆڵی هاتوچۆی ئاسمانی دوورخستەوە، پاش ئەوەی مانیان گرتبوو و یاسای فیدراڵیان پێشێل کردبوو، سەبارەت بەم هەڵوێستە، ژمارەیەک لە سیاسەتسازانان لە ناویاندا جۆرج شۆلتز کە ساڵی دواتر واتە (١٩٨٢) بووە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها تیب ئۆنیل سەرۆکی کۆنگرێس، پێیانوابوو ئەم هەنگاوە ئاکامێکی گەورەی هەبوو ئەگەرچی بە مەبەستیش نەبووبێت، ئەویش ئەوە بوو کە سۆڤیەت بزانێت ریگان هەڵناخەڵەتێ.**

**هەر سەرۆکێک ئەگەر خوازیاری ئەوە بێت کە گۆڕانکاری بەسەر وەزعی راهین بهێنێت، دەبێت بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ کێشەکە بکات کە زیانی بۆ شکۆ و متمانەی وڵاتەکەی نەبێت، بەڵام هیچ دیار نییە کە ترەمپ کاتێک بریار دەدات، ئایا هیچ نیگەرانییەکی سەبارەت بە ئاکامی شکۆی ئەمریکا هەیە**

**لیستی قسە هاوەژەکانی دۆناڵد ترەمپ درێژە، پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ و پێش ئەوەی بچێتە کۆشکی سپی، ترەمپ بە تەلەفون لەگەڵ تسای ئینگ وینی سەرۆکی تایوان قسەی کرد، ئەمەش پێشێلکارییەکی تەواوی پرۆتۆکۆلی بوو، هەروەها بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری تووڕەبوونی چین، هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩وە قسەی لەگەڵ سەرۆکی تایوان نەکردووە**

وینی سەرۆکی تایوان قسەی کرد، ئەمەش پێشێلکارییەکی تەواوی پرۆتۆکۆلی بوو، هەروەها بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری تووڕەبوونی چین، هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩وە قسەی لەگەڵ سەرۆکی تایوان نەکردووە، لەو کاتەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ ئەو دوورگەیە بڕیوە، بەڵام دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، ترەمپ رایگەیاند کە دەستبەرداری سیاسەتی ( یەك چین) دەبێت، کە ئەمەش بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا بووە لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا، بەڵام لە شوباتی ٢٠١٧ چاوی بەو سیاسەتەی خۆیدا گێڕایەوە و سەرلەنوێ پشتگیری خۆی بۆ سیاسەتی (یەك چین) دووپات کردەوە، هەروەها لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، ترەمپ هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شەڕی بازرگانی لە دژی چین راگەیاند، هەروەها بەڵێنی دا کە پەکین بە مانۆڕی نەختینە (urrency manipulator) ناوزەد بکات. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەرداری پابەندبوونەکانی سەبارەت بە بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەبێت، بۆ ئەمەش پێشنیاری کرد کە ژاپۆن و کۆریای باشوور دەبێ پەرە بە چەکە ئەتۆمییەکانیان بدەن، بەڵام سەرەنجام لە هەموو ئەم هەڵوێستانە پاشەکشەی کرد. بێگومان تەنگژەی ئێستاشی لەگەڵ کۆریای باکوور تازەترین دیاردەی هەمان شێوازی پێشوویەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەرەتای دەستپێکی سەرۆکایەتییەکەیدا، ترەمپ بەشێوەی پیاوێکی زیرەك وەسفی کیم جۆنگی سەرۆکی کۆریای باکووری کرد و لەمەش زیاتر گوتی کە شەرەفمەند دەبێت کۆبوونەوەی لەگەڵ بکات، بەڵام دواتر بەناوی (پیاوی رۆکێتیی بچووك) وەسفی کیم جۆنی کرد، لە سێپتەمبەری ٢٠١٧ـەش هەڕەشەی کاولکردنی تەواوی کۆریای باکووری کرد.

لە چەندین حاڵەتی دیکەشدا، لەوانەیە ترەمپ لەسەر حیسابی وڵاتەکەی هەوڵیدا بێت شکۆی خۆی بەرز بکاتەوە، هەر بۆ نموونە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ترەمپ دیسان جەختی لەسەر بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی سەبارەت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران کردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو پابەندبوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەم بڕیارە بووە هۆکاری ئەوەی شکۆی کەشی ئەو بەرز بکاتەوە، بەڵام لە میانەی رەتکردنەوەی فەرمیی رێککەوتنەکە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە پێشکەش بکات کە ئێران نەیتوانیوە بە رێککەوتنەکەوە پابەند بێت، ئەوا لەم حاڵەتە شکۆی گشتیی ئەمریکا رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە، هەروەها لەوانەیە ئەم هەنگاوە نفووزی دیپلۆماتیی ئەمریکا لە دانوستاندنەکانی داهاتوودا بێنێتە خوارەوە، ئەمەش بەو مانەیە ئەگەر دەوڵەتان بۆیان دەرکەوت کە پابەندبوونەکانی ئەمریکا بە رێککەوتننامەکان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوونی نامێنێت، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە بارودۆخ زۆر قورس دەبێت بۆ ئەوەی کۆمپرۆمایزی گەورە بکەن. هەروەها دوایین بڕیاری ترەمپ بۆ کشانەوە لە رێککەوتنی پاریس بۆ کەش، کێشەیەکی دیکەیە، بێگومان هەر سەرۆکێك ئەگەر خوازیاری ئەوە بێت کە گۆڕانکاری بەسەر وەزعی راهین بهێنێت، دەبێت بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ کێشەکە بکات کە زیانی بۆ شکۆ و متمانەی وڵاتەکەی نەبێت، بەڵام هیچ دیار نییە کە ترەمپ کاتێك بریار دەدات، ئایا هیچ نیگەرانییەکی سەبارەت بە ئاکامی شکۆی ئەمریکا هەیە.

### ● ئەقڵانیەتی نائەقڵانیەت

هەندێك لە بازنەی ترەمپدا پێیانوایە ئەوە ستراتیژیەتێکی گرنگە کە پشتگیری لە رەفتارە نارێکخراوەکانی دەکات، سەرۆك لە دەرهاویشتەکانی ئەو هەڵویستە گشتگیرە ناجێگرە دەکات، بەپێی ئەم بۆچوونە، لێدوانە نالۆژیکییەکانی ترەمپ بەشێك بێت لەو ستراتیژەی کە نەیارانی پێیانوایە شێتانەیە، لەسەر ئەم شێوازە ترەمپ لە ئەیلوولی ٢٠١٧ نوێنەری بازرگانی خۆی راسپاردووە کە لە دانوستاندنەکاندا کۆریای باشوور بترسێنێت، بەپێی قسەی ئەکسیوس، ترەمپ پێی راگەیاندووە ئەم پەیامە بە شاندی دانوستکاری کۆریای باشوور رابگەیەنێت: (پێیان بڵێ، ئەگەر هەر ئێستا تەنازول نەکەن، ئەوا ئەو پیاوە شێتە لە رێککەوتنەکە دێتە



**ئاماژەکانی شکۆی ئەمریکا لە هاوینی ٢٠١٣وە روو لە داکشانە، دوای ئەوەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا هێڵی سووری باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکای سەبارەت بە چەکی کیمیایی بەزاند، لە ئابی ٢٠١٢ ئۆباما رایگەیاند کە کۆکردنەوەی هێزی زیاتر، یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەبێتە هۆکاری ئەوەی حیساباتی خۆی لەگەڵ سووریا بگۆڕێت**

دەرەوە)، لەگەڵ کۆریای باکووریش لۆژیکە بە سادەیی ئەوەیە: (ئەگەر ترەمپ نەتوانێت کیم جۆنگ بگەیێنێتە قەناعەت ئەوا بە نائەقڵانی رەفتار دەکات، ئەو کاتەش ئامادە دەبێت باجی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی هەڵبگرێت، بەمەش سەرۆکی کۆریای باکوور دەترسێت و ناچاری خۆبەدەستەوەدان دەبێت.)

ترەمپ یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە کە هەوڵدەدات ئەم ستراتیژیەتە جێبەجێ بکات کە زاناکان ناویان لێناوە (تیۆری پیاوە شێتەکە) یاخود (ئەقڵانیەتی نائەقڵانی)، هەر بۆ نموونە لەماوەی شەڕی ڤێتنامدا سەرۆک ریچارد نیکسۆن داوای لە کیسنجەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی کردبوو کە بە رووسیا و ڤێتنامی باکوور رابگەیەنێت بەوەی نیکسۆن پەنا بۆ کارێکی مەزندە بۆ نەکراو دەبات و لەوانەیە چەکی ئەتۆمی لە ڤێتنام بەکار بهێنێت. بەڵام بۆیان دەرکەوت کە نیکسۆن دەیەوێت لەم رێگەیەوە هەڵیانبخەڵەتێنێت.

بەپێی یەکەمین بنەمای بەڕێوەبردنی گەمەی (پیاوە شێتەکە) هەرگیز بە ئاشکرا ئەوە راناگەیەندرێت کە گەمەی (گەمەی پیاوە شێتەکە) ئەنجامدەدات، ترەمپیش بەتەواوەتی ئەمەی کردووە، ئەوانەی پێڕەوی ئەم تیۆرە دەکەن بەو جۆرە خۆیان دەردەخەن کە پێگەیشتوو و پێشکەوتوو نین.

شرۆڤەیەکی دیکە لەلای ئەوانەی بەرگری لە ترەمپ دەکەن، ئەوەیان خستۆتە روو کە ئاڵۆزی بە ئەنقەستی سەرۆك لەپێناوی ئەوەیە کە نەیارەکانی هاوسەنگی لەدەست بدەن، لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانیشدا ترەمپ گوتی: ئەو نایەوێت کە دوژمنەکەی بەتەواوەتی بە پلانەکەی ئەو بزانێت، هەربۆیە بەدڵنیاییەوە ئەوە راست بوو کاتێك زۆر بە هۆشیارییەوە زاراوەی تەمومژاوی بە کاردەهێنا و بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك جێبەجێ دەکردن، دیارە لێدوانە تەمومژاوییەکان سوودی ستراتیژی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە لێدوانانە بوار دەدات کە قسە بۆ جەماوەری هەمەجۆر بکەیت بەبێ ئەوەی هیچ لەوانە پەراوێز بخەیت، بەڵام لێدوانەکانی ترەمپ لە رووی ستراتیژییەوە

تەمومژاوی نین، لە راستیدا بە شێوەیەکی گشتی زۆر روون و ئاشکران، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەماهەنگ نین، لەهجەی پەلەکردن، کە زۆربەی لێدوانەکانیشی بە رێگەی تویترە لە نیوەشەودا، ئەمەش لە مسداقیەتی قسەکانی کەم دەکاتەوە.

کاتێك دەمانەوێت حیساب لەسەر رەفتارەکانی ترەمپ بکەین، بەشێك لە لایەنگرانی پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکەن بەوەی نابێت بەشێوەیەکی حەرفی وەریبگرین، سەبارەت بەمە کیلیان کۆنوای راوێژکاری ترەمپ بە کەناڵی CNNی راگەیاندووە: دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە حوکم لە سەرۆك بدرێت بەوەی (چی لە دڵیەتی) نەك (ئەوەی لەدەمی دەردەچێ)، بۆ ئەمەش هاوپەیمانەکانی ئەمریکا رووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبنەوە بۆ ئەوەی بزانن (چی لەدڵی ترەمپدایە)، بۆیە زەحمەتە ئەم رێنماییە دڵنیایی تەواو بدات.

**حیسابکردن لەسەر مسداقیەت**

لەوانەیە خەڵکی ئەمریکا و تەواوی جیهانیش راهاتبن لەسەر لێدوانی مەزندەنەکراو و تویتە هاودژەکانی سەرۆك ترەمپ، لە هەندێك حاڵەتدا کە شکۆی ئەو ناگاتە ئەوەی لێدوانەکانی دڵنیاکەرەوە بن، بۆیە جیهان دەزانێت کە مەرج نییە گوێ بە هەندێك لیدوانی تێکدەرانەی بدرێت، وەك هەڕەشەکانی (کاولکردنی کۆریای باشوور و کاولکردنێکی بەتەواوەتی)، ئەمەش کەمێك دڵخۆشکەرە، بەڵام ئایا چی روودەدات کاتێك پێویستە پشت بە قسەکانی ببەسترێت؟ چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت بەرپەرچی نەیارانی بداتەوە و هاوپەیمانەکانی دڵنیابکاتەوە لە تەنگژەیەکی دیکە کاتێك ناتوانرێت متمانە بە سەرۆك بکرێت کە ئەوە نییەتی راستگۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە؟ سەبارەت بەم پرسە ئەوانەی گەشبینن دەڵێن سەرەنجام ترەمپ فێردەبێت بە گرنگی پارێزگاری لە وشەکانی بکات، بەپێی ئەم بۆچوونە، ترەمپ ئەزموونێکی کەمی هەیە، بەتایبەتی لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا. لەهەندێ حاڵەتیشدا خودی ترەمپ دانی بەمەدا ناوە، هەر بۆ نموونە ترەمپ رەخنەی لە چین گرتووە، بەوەی نەیتوانیوە سنوورێك بۆ کۆریای باکوور دابنێت، بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ شین جی بینگی سەرۆکی چین قسەی کردووە، رەخنەی لە خۆی گرتووە. سەبارەت بەمە ترەمپ بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی راگەیاندووە: «دوای ئەوەی بۆ ماوەی ١٠ خولەك گوێم بۆ گرت، بۆم دەرکەوت ئەمە کارێکی ئاسان نییە.» هەروەها سەرۆك ترەمپ هەڵوێستی ئاشکرای خۆی سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان و دەستتێوەردانی رووسیا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ی ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا، دوای هەڵبژاردنی گۆڕیوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زیاتر سەبارەت بەو پرسانە فێربووە. بێگومان ئەوە دیاردەیەکی نەشاز نییە کە بیروبۆچوونەکانی سەرۆك لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە پۆستەکەیدا پێشبکەوێت، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە لە پرۆسەی فێربوونی ترەمپ ئەوەیە کە دیدوبۆچوونە تازەکانی بەهەمان شێوەی بیروبۆچوونە کۆنەکانی ماونەتەوە، وا دەرناکەوێت کە ئەم بیروبۆچوونانە دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بن، لەبری ئەمە وا دەردەکەون کە بە مەزاج بڕیاریان لەسەر درابێت، یان بۆچوونی کەسێکی دیکە بن، کە ئەو قسەیان بۆ دەکات، یا سەیری تۆڕێکی هەواڵ دەکات.

سەرچاوەیەکی دیکە کە لەوانەیە جێگەی دڵخۆشی بێت، بریتین لە راوێژکارەکانی ترەمپ، ئەوانە چەندین چاودێرن کە وەك ئاماژەیەك بۆ گەورەکانی ناو ئیدارەی ترەمپ، کە بریتین لە جۆن کیلی سەرۆکی ستافی کۆشکی سپی، جامیس ماتیس وەزیری بەرگری، ماکماستەر راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، مایك پینس جیگری سەرۆك، ریکس تیلێرسۆن وەزیری دەرەوە، هەموو پێکەوە هەوڵیانداوە بە رێگەی روونکردنەوەی لێدوانەکانی سەرۆك یەکگرتوویی و سەقامگیریی سیاسەتی ئەمریکا پیشان بدەن، یان بە رێگەی هەموویان بە تەواوەتی.

ئەم خەڵکانە ئێستا رووی گشتی دیپلۆماتیەتی ئەمریکان و چاودێران روویان تێدەکەن بۆ ئەوەی لە سیاسەتی ئەمریکا تێبگەن، ئەمەش بۆ جۆرێك لە دڵنیابوونە ئەگەر سەرۆك ترەمپ بە هەمان شێوازی خۆی درێژەی پێبدات, بەڵام

**سەرچاوەیەکی دیکەی متمانە و مسداقیەتی ئەمریکا، هێزی کاریگەری سوپای ئەمریکا و بڕوابوونە بەشێوەیەکی گشتی بە دامەزراوەکانی ئەمریکا، ئەم دوو لایەنەش بەهۆی ترەمپەوە زیانی زۆریان پێگەیشتووە، بەڵام هیچ بەدیلێك بۆ سەرۆك نییە و تا ئێستاش قسەکانی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانن**

ترەمپ هەوڵی راوێژکارەکانی پووچەڵ کردۆتەوە بۆ ئەوەی شکۆی واشنتۆن رزگار بکات و بە ئاشکرا گورزی خۆی لێیان وەشاندووە، هەر بۆ نموونە تەنیا رۆژێك دوای ئەوەی ریکس تیلێرسۆن تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمریکا راستەوخۆ قسە لەگەڵ کۆریای باکوور دەکات، ترەمپ لە تیویتێکدا رایگەیاند کە وەزیری دەرەوەی «کات بە فیڕۆ دەدات و باشترە ریکس پارێزگاری بە وزەی خۆیەوە بکات، ئەم تویتە ئەگەر بە ئامانجی ئەوەش بێت کیم جۆنگ بۆ ئەوەی تەنازول بکات، بەڵام لەوانەیە هەندێك شڵەژان لە کۆریای باکوور دروست بکات، ئەم

**ترەمپ یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە کە هەوڵدەدات ئەم ستراتیژیەتە جێبەجێ بکات کە زاناکان ناویان لێناوە (تیۆری پیاوە شێتەکە) یاخود ( ئەقڵانیەتی نائەقڵانی)، هەر بۆ نموونە لەماوەی شەڕی ڤێتنامدا سەرۆک ریچارد نیکسۆن داوای لە کیسنجەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی کردبوو کە بە رووسیا و ڤێتنامی باکوور رابگەیەنێت بەوەی نیکسۆن پەنا بۆ کارێکی مەزندە بۆ نەکراو دەبات و لەوانەیە چەکی ئەتۆمی لە ڤێتنام بەکار بهێنێت. بەڵام بۆیان دەرکەوت کە نیکسۆن دەیەوێت لەم رێگەیەوە هەڵیانبخەڵەتێنێت.**



گوتارەی ترەمپ سەبارەت بە کۆریای باکوور، ئاماژەکانی شکۆی ئەمریکا دەپووکێنێتەوە، لەوانەیە بەرەو شەڕێکی کاولکاری بچێت کە دەکرا ئەو شەڕە دوور بخرێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر زەمینەیەك بۆ گەشبینییەکی هۆشداری هەبێت، ئەوەیە کە شکۆی سەرۆك تەنیا فاکتەر نییە بۆ ئەوەی نەیار و هاوپەیمان نییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بزانێت. بەڵام وەك گومانکەران لەو بایەخەی شکۆ ئاماژەی پێدەکەن، هێزی سەربازیی ئەمریکا و زانیاریی فراوان سەبارەت بە بەرژەوەندییە ژیارییەکانی ئەمریکا، هەروەها تۆمارێکی درێژ بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازی بۆ بەرگریکردن لە بارودۆخی ئەمری واقیع لە پارچە جیاوازەکانی جیهان کە بە بەردەوامی ڕێگە بە ئەمریکا بدات ڕێنمای نەیارانی بکات، کە هێڵە سوورەکان نەبەزێنن, هەروەها بگەنە ئەوەی کە متمانە و مسداقیەتی وڵات تەنیا پشت بە متمانەی سەرۆکەکەی نابەستێت. لەوانەیە چاودێرانی دەرەوە متمانەیان بە ترەمپ نەبێت، بەڵام هەتا ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر متمانەیان بە دامەزراوە سیاسییەکان و رای گشتیی ئەمریکا هەیە کە ببنە بەربەست لەبەردەم کارەکانی سەرۆکدا.

لە هەمانکاتدا ئاماژەکانی شکۆی سەرۆك لەوانەیە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە نەیارەکان بە هەڵە لە هێڵە سوورەکانی ئەمریکا تێبگەن و پرسیار لەسەر کاردانەوەکانی ئەمریکا بکەن، بەتایبەتی لە ناوچە ئاڵۆزەکانی وەك ئەورووپای رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرکردەکانی جیهان لەوانەیە هەست بەوە بکەن کە ئێستا کاتێکی باشە بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا فەرامۆش بکرێت، کاتێك دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەیانەوێت شتێك بکەن، لەوانەیە بواری ئەوەیان پێبدرێت کە ئەوان بگەنە ئەو دەرنجامە کاتێك ئەوە دەخوێننەوە کە تیلێرسۆن بە (گەمژە) ئاماژەی بۆ ترەمپ کردووە. (وتەبێژەکەی تیلێرسۆن ئەمەی رەتکردۆتەوە، بەڵام تیلێرسۆن بە شەخسی خۆی ئەمەی نەکردووە).

شکۆی زیان بەرکەوتوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بۆ ئەمریکا قورس بێت بە ڕێگەی دیپلۆماتیەتی هێز ئامانجەکانی بهێنێتەدی، پێشتر کە هەڕەشە و بەڵێنەکانی ئەمریکا کاریان کردووە، لەبەر ئەوە بووە کە مسداقیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە مەحەکی متمانەدابوون، بەڵام لەسایەی ترەمپ، ئەمریکا ناچار دەبێت پەنا بۆ هەندێك تاکتیکی ترسناك بەرێت، هەتا دووبارە عەزمی خۆی بسەلمێنێتەوە، ئەویش گەیاندنی کارەکانە بۆ لێواری جەنگ، یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی، ئەم جۆرە تەکتیکانە ئاکامی ترسناکیان دەبێت کە لەوانەیە ئەو هەڵکشانە پێویست نەبێت.

هەر بۆیە کاتێك ئاماژەکانی شکۆی سەرۆك لەبەریەك تەسك دەبنەوە، ئەوا دیسان ئەمریکا پێویستی بەوەیە بە جددی کاربکات بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی بگەیەنەتەوە قەناعەت کە پابەندی پابەندبوونەکانی دەبێت، بەڵام هاوپەیمانەکانی واشنتۆن لەوانەیە داوای پیشاندانی کۆنکرێتی زیاتر بکەن، بەوەی گەرەنتیی ئاسایشی ئەمریکا وەك خۆیەتی.

کەمبوونەوەی متمانە بە پارێزگاریکردن لە لایەن ئەمریکاوە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن (وەك ئەوەی ترەمپ خواستی بوو) بەڵام لە هەمانکاتدا لەوانەیە ببێتە هاندەر بۆ نەیارانی ئەمریکا کە زیاتر هێزی خۆیان تاقی بکەنەوە، ئەمەش کارێکی چاوەڕواننەکراو نییە، هەر بۆ نموونە ئەگەر ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی رووسیا بڕیاریدا بزانێت پشتگیریی ئەمریکا بۆ رووسیا هەتا چ ئاستێکە.

**سەرلەنوێ وشەکان بکەنەوە بە پرسەکان**

هەتا ئێستاش دەرهاویشتەی تەنگژەی مسداقیەتی ترەمپ دیار نییە، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو دەرهاویشتانە بکات کە خەڵکانی دیکە لە رەفتارەکانی ترەمپ بەرهەمی دەهێنن، بەڵام چاودێرە نێودەوڵەتییەکان چاوەڕێی ئەوەن تا بزانن سیستمی سیاسیی ئەمریکا چۆن وەڵامی لێدوانەکانی ترەمپ دەداتەوە، یان کەی و چۆن بەرپەرچی دەوەستنەوە، هەتا ئەگەر لە میانەی ئیدارەی ترەمپدا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەکارکردندا زۆر یەکگرتوو و هەمانگیش بێت نەك لە گوتارەکەیدا، ئەوا

**سێ لەسەر چواری هاووڵاتیانی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە قسەکانی ترەمپ جێگەی بڕوا نین. هەروەها دیمەنەکە لەسەر ئاستی جیهانیش لەمە باشتر نییە. بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نەریتی ئەمریکا وەک (ئوستراليا، فەرەنسا ، ئەڵمانیا، مەکسیک، کۆریای باشوور و بەریتانیا) ئەوانیش دەڵێن متمانەمان بە قسەکانی سەرۆکی ئەمریکا نییە**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باجێکی گەورەی رەفتارەکانی ترەمپ دەدات، سەرۆك بە دوایین دەنگ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دانانرێت، لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی سیاسەتی دەرەوە دەچنە هەموو شوێنێك بۆ ئەوەی نییەتی ئەمریکا پیشان بدەن، بەڵام کاتێك لەسەر ئاستی سیستمی ناوخۆی ئەمریکا جەمسەرگیری گەورە هەبێت و حزبی دەسەڵات زیاتر لەبەریەك هەڵبوەشێت، ئەوا گەیاندنی ئەم نییەتە لە هەرکاتێکی دیکە قورستر دەبێت، زیاتر بوونی ململانێی دوو حزبەکە و ئاماژە یەك ماناکانی ئەمریکا، ئەوا گریمانەیەکی زۆر کەمە کە زیانەکانی ترەمپ بۆ مسداقیەتی ئەمریکا هەتا کۆتایی ئەم خولەی سەرۆکایەتی درێژە بکێشێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ ئێستا، کە شکۆی ترەمپ جێگەی مشتومڕ بێت، ئەوا باجی ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوە و سەپاندن و دڵنیاکردنەوە روو لەبەرزبوونەوە دەکات، ئەمە بە هاوشانی ئەگەری خراپ هەڵسەنگاندن و هەڵکشانی نائەنقەست.



**هەتا ئێستاش دەرهاویشتەی تەنگژەی مسداقیەتی ترەمپ دیار نییە، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو دەرهاویشتانە بکات کە خەڵکانی دیکە لە رەفتارەکانی ترەمپ بەرهەمی دەهێنن، بەڵام چاودێرە نێودەوڵەتییەکان چاوەڕێی ئەوەن تا بزانن سیستمی سیاسیی ئەمریکا چۆن وەڵامی لێدوانەکانی ترەمپ دەداتەوە، یان کەی و چۆن بەرپەرچی دەوەستێنەوە**

لەوانەیە ترەمپ بەوجۆرە بیر بکاتەوە کە مەزندەکردن و متمانەی سیاسەتی دەرەوە ئاماژەیەکە بۆ لاوازی، بەڵام ئەو هەڵەیە، ئەگەر پێداچوونەوەیەکی بچووك بۆ هێزێکی وەك کۆریای باکوور بکەینەوە، دەردەکەوێت مەزندە بۆ نەکردن لەوانەیە رێگە بە سەرکردەیەك بدات بەشێوەیەکی کاتی لە سەروی کێشی خۆیەوە رەفتار بکات.

بەڵام ترەمپ پێی خۆش بێت، یان پێی ناخۆش بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سۆپەرپاوەری جیهانییە بۆ ئەوانەی مەزندەی بۆ دەکەن و متمانەیان پێیەتی، نەك تەنیا نەیارەکانی.

---

*** یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە سیاسەت وکاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی برینستۆن، هەروەها نووسەری کتێبی (کێ لە پێناوی شکۆ شەڕدەکات: سایکۆلۆژیەتی سەرکردەکان لە تەنگژە نێودەوڵەتییەکاندا) ـە.**

**** ئەم وتارە لە ژمارەی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو کراوەتەوە**